International Labour Organization

Funded by the European Union

# فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی بێ مووچە لە کەرتی بەرهەمهێناندا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق



## ◄ فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی بێ مووچە لە کەرتی بەرهەمهێناندا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق

© حقوق النشر محفوظة لمنظمة العمل الدولية 2025

الطبعة الأولى 2025

هذا العمل مرخص بموجب ترخيص المشاع الإبداعي نسب المصنف 4.0 دولي. انظر الموقع التالي: creativecommons.org/licences/ by/4.0. ويمكن للمستخدم إعادة استعمال أو مشاركة (نسخ وإعادة توزيع) وتكييف (إعادة مزج وتحويل والاستناد إلى العمل الأصلي) كما هو مفصل في الترخيص. ويجب على المستخدم أن يذكر منظمة العمل الدولية بوضوح باعتبارها مالكة العمل الأصلي وأن يشير إلى ما إذا تم إجراء تغييرات عليه. لا يُسمح باستخدام رمز واسم وشعار منظمة العمل الدولية فيما يتعلق بالترجمات أو التعديلات أو غيرها من الأعمال المشتقة

**الإسناد -** يجب على المستخدم الإشارة إلى ما إذا كان قد تم إجراء تغييرات ويجب أن يستشهد بالعمل على النحو التالي: توسيع نطاق الضمان الاجتماعي ليشمل العاملين لحسابهم الخاص والعمّال المساهمين في الأسرة بدون أجر في القطاع الزراعي في العراق الفدرالي وإقليم كوردستان العراق ، جنيف: مكتب العمل الدولي، 2025. © منظمة العمل الدولية

**الترجمات -** في حالة ترجمة هذا العمل، يجب إضافة نص إخلاء المسؤولية التالي إلى الإسناد: هذه ترجمة لحقوق الطبع والنشر الخاصة بمنظمة العمل الدولية. ولم يتم إعداد هذه الترجمة أو مراجعتها أو المصادقة عليها من جانب منظمة العمل الدولية ولا ينبغي اعتبارها ترجمة رسمية لمنظمة العمل الدولية. وتخلي منظمة العمل الدولية مسؤوليتها الكاملة عن محتواها ودقتها. وتقع المسؤولية على عاتق صاحب (أصحاب) الترجمة فقط

**التعديلات -** في حالة تعديل هذا العمل، يجب إضافة نص إخلاء المسؤولية التالي إلى الإسناد: هذا تعديل لعمل محمي بحقوق الطبع والنشر لمنظمة العمل الدولية. ولم يتم إعداد هذا التعديل أو مراجعته أو المصادقة عليه من جانب منظمة العمل الدولية ولا ينبغي اعتباره تعديلاً رسمياً لمنظمة العمل الدولية. وتخلي منظمة العمل الدولية مسؤوليتها الكاملة عن محتواه ودقته. وتقع المسؤولية على عاتق صاحب (أصحاب) التعديل فقط

**مواد صادرة عن طرف ثالث -** لا ينطبق ترخيص المشاع الإبداعي هذا على المواد المحمية بحقوق الطبع والنشر غير التابعة لمنظمة العمل الدولية والواردة في هذا المنشور. إذا كانت المادة مسندة إلى طرف ثالث، فإنّ مستخدم هذه المواد هو المسؤول الوحيد عن الحصول على الأذونات اللازمة من صاحب الحقوق وسيكون وحده المسؤول عن أي انتهاك مزعوم

أي نزاع ينشأ بموجب هذا الترخيص ولا يمكن تسويته ودياً يحُال إلى التحكيم وفقاً لقواعد التحكيم الخاصة بلجنة الأمم المتحدة للقانون التجاري الدولي (الأونسيترال). ويلتزم الطرفان بأي حكم يصدر نتيجة لهذا التحكيم باعتباره الحكم النهائي لمثل هذا النزاع

لمزيد من التفاصيل بشأن الحقوق والتراخيص يرجى التواصل عبر البريد الإلكتروني: rights@ilo.org. وللحصول على مزيد من التفاصيل حول منشورات منظمة العمل الدولية والمنتجات الرقمية، يرجى زيارة الموقع التالي: www.ilo.org/publns
إن التسميات المستخدمة في منشورات وقواعد بيانات منظمة العمل الدولية، والتي تتوافق مع ممارسات الأمم المتحدة، وعرض المواد الواردة فيها، لا يعني بالضرورة التعبير عن أي رأي من جانب منظمة العمل الدولية بشأن الوضع القانوني لأي بلد أو منطقة أو إقليم أو سلطاته، أو بشأن ترسيم حدوده. انظر : www.ilo.org/disclaimer.

الآراء ووجهات النظر الواردة في هذا المنشور هي آراء المؤلفين، ولا تعكس بالضرورة آراء أو وجهات نظر أو سياسات منظمة العمل الدولية.

ISBN: 9789220423561 (web PDF).

متوفر ايضًا:
اللغة الانجليزية

Extending social security to wage workers in the manufacturing sectorin Federal Iraq and the Kurdistan Region of Iraq
ISBN: 9789220423547 (web PDF)
DOI: https://doi.org/10.54394/BMFO8232

اللغة العربية

توسيع نطاق الضمان الاجتماعي ليشمل العمّال بأجر في قطاع التصنيع في العراق الاتحادي وإقليم كوردستان العراق

ISBN: 9789220423554 (web PDF).

إن الإشارة إلى أسماء الشركات والمنتجات والعمليات التجارية لا تعني بالضرورة تأييد منظمة العمل الدولية لها، وأي إغفال لذكر شركة أو منتج تجاري أو عملية معينة لا يُعدّ علامة على عدم الموافقة.v

صورة الغالف: © ميثاق الخطيب/ منظمة العمل الدولية

ڕەتکردنەوەی بەرپرسیاریەتی: ئەم بڵاو کراوەیە بەپاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەورووپا بەرهەم هێنراوە. ناوەڕۆکەکەی تەنها بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە و مەرج نیە ڕەنگدانەوەی بۆچونەکانی یەکێتی ئەورووپا بێت

# ◄ سوپاس و پێزانین

ئەم ڕاپۆرتە لە چوارچێوەی هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) و پەیمانگای گەشەپێدانی دەرەوەی وڵات (ODI) بەرهەم هێنراوە، کە لە چوارچێوەی بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ عێراق: «جەختکردن لە وەڵامدانەوەی کاریگەر و خێراکردنی چاکسازی» کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پارەدار دەکرێت.

ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن ئایرین سێلوانێس، پرۆفیسۆری یاریدەدەری ئابووری لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی قاهیرە لە میسر و ئەندامی تۆێژەر لە کۆڕبەندی توێژینەوەی ئابووری و ڕاوێژکاری پەیمانگای گەشەپێدانی دەرەوەی وڵات؛ موسلیح ئیروانی، پرۆفیسۆری یاریدەدەری کۆمەڵایەتی و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق ؛ و مارتن ئیڤانز، توێژەری باڵا لە گەشەپێدان و دارایی گشتی لە پەیمانگای گەشەپێدانی دەرەوەی وڵات ئامادەکراوە. لە ژێر بەرپرسیارێتی گشتی و دڵنیایی جۆری مەها قەتاع، پسپۆڕی باڵای خۆڕاگری و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان/ڕێکخەری وڵاتیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە عێراق، ڕاپۆرتەکە سوودی لە زانیاری تەکنیکی و بەشداری بەنرخی ئیگۆر بۆسك، سەرۆکی ڕاوێژکاری تەکنیکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق) و کارینا لێڤینا، بەرپرسی تەکنیکی پاراستنی کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق)، ویسام ئەلبەهادیلی، بەرپرسی تەکنیکی بەڕێوەبردنی کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق)، محەمەد فەرمان، بەرپرسی پڕۆژەی نیشتمانی پاراستنی کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق) و تەیف ئەلواچی، بەرپرسی پرۆژەی نیشتمانی پاراستنی کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق) وەرگرتووە

کلێر پێدریك پێداچوونەوەی زمانی ئینگلیزی توێژینەوەکەی کردووە. کۆمپانیای نۆرس لەیک توێژینەوەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و کۆمپانیای تەرزین وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی. سولەیمە غورەیب بوستانی پێداچوونەوەی زمانی عەرەبی توێژینەوەکەی کردووە و خالد حسین پێداچوونەوەی زمانی کوردی توێژینەوەکەی کردووە. ئیلێنا بۆبرۆڤیچ بەڕێوەبردنی دیزاینی گرافیکی دابین کرد، لەوانەش دیزاینی بەرگ و تاپیکردن
توقا رەماحي و رغدة محي بەڕیوەبردن و گرافیک دیزاینیان دابین کردووە ،لەوانەش دیزان کردنی بەرگ و تاپیکردن

# 1

# پێشەکی

# پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە بۆ دارشتنی ڕێسایە لەسەر فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندان (کرێکارانی بە مووچە) لە کەرتی بەرهەمهێناندا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەمە یەکێکە لە سێ ڕاپۆرت کە لە پڕۆژەی فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئامادەکراون، کە لەلایەن ئۆفیسی وڵاتی عێراقی سەر بە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییەوە کاری بۆ کراوە. ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتە سێ لایەنەیە. هەوڵ دەدات بۆ

- دیاریکردنی بەڵگەی چەندایەتی لە سەر تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان، هەروەها بەڵگەی چۆنایەتی لەسەر پێداویستییەکانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە شایستەکانی بەرنامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت؛
- دەستنیشانکردنی شێوازەکان بە کرداریی بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە کەرتی بەرهەمهێنان لە عێراقدا، کە پەیوەندی نەك تەنها بە چاکسازی یاسایی و ڕێساکانەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە گونجاندنی ڕێنماییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ڕێکارەکانی دامەزراوەکان، هەوڵەکانی هۆشیاری و پەیوەندیکردن، بەهێزکردنی توانای جێبەجێکردن، کاری هاریکاری و هاوبەشی لەگەڵ کاراکتەرە حکومییەکانی تردا هەیە، هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی تێچوون و پارەدان و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی بەشدار نین.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لە ئاستی باڵادا سەبارەت بە بڕاردە لەپێشینەکان بۆ دانانی ستراتیژی نیشتمانی سەبارەت بە فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان.

دوو جۆر و سەرچاوەی بەڵگە بە سەرەکی دادەنرێن:

- کۆمەڵێك پرۆفایل کە وەسفی تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنانیان تێدایە. ئەمانە لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییەوە لە مایکرۆداتای ڕووپێوی هێزی کاری عێراق لە2021 دا بەرهەم هاتوون (CSO و ئەوانی تر، 2022).
- داتای نوێی چۆنایەتی سەبارەت بەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە شایستەکان لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. ئەو ئاڵنگارییانە هەڵدەسەنگێندرێن کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە دەبنەوە لە فراوانکردنی ڕووماڵ بۆ ئەم کرێکار و خاوەنکارانە. ئەم داتایانە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی (KII) و لە ڕێگەی گفتوگۆی گرووپی فۆکەس (FGD) لەگەڵ کرێکاران و خاوەنکارەکان بەدەستدەهێنرێن.

دوابەدوای ئەم پێشەکییە، بەشی دووەم، کورتەیەك دەربارەی کەرتی بەرهەمهێنان و ڕەوتە سەرەکییەکانی بازاڕی کار کە کاریگەرییان لەسەر دامەزراندن لە کەرتەکەدا هەیە دەخاتە ڕوو. پاشان شیکاری وەسفکەری تایبەتمەندییەکانی کارمەندان لە کەرتی بەرهەمهێنان، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021، لە بەشی سێیەمدا دەخرێتە ڕوو. بەشی چوارەم باس لە ئەنجامە چۆنایەتییەکان دەکات لەسەر بنەمای کاری مەیدانی، لەوانەش ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم ناو تۆمارکردن و تێڕوانینی کرێکارانی بەرهەمهێنان سەبارەت بە

[1] يتم استخدام مصطلحي «العمال بأجر» و»الموظفين» بشكل تبادلي في هذا التقرير للإشارة إلى العمال الذين يتقاضون أجرًا أو مكافأة على عملهم.

[2] في هذا التقرير، يشير مصطلح «العراق» إلى كل من العراق الفيدرالي وإقليم كوردستان العراق. أما «العراق الفيدرالي» فهو المنطقة التي لا تشمل إقليم كوردستان، بما أنّ إقليم كوردستان العراق معترف به كمنطقة ذات حكم ذاتي في الجزء الشمالي من البلاد.

بایەخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بەشی پێنجەم بە چارەسەرە ئەگەرییەکان بۆ بڕەودان بە ناو تۆمارکردن لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت کە پشت بە دەرەنجامە شیکارییەکان دەبەستێت


# 2

## کورتەی باکگراوند:
## کەرتی بەرهەمهێنان

# کورتەی باکگراوند: کەرتی بەرهەمهێنان

بەهای زیادکراوی کەرتی بەرهەمهێنان، کە لە پشکی لە بەرهەمی گشتی ناوخۆیی (GDP) ڕەنگدەداتەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە عێراقدا کەمترە لە چاو وڵاتانی دیکە جگە لە ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2023b) و لە وڵاتانی هاوشێوە لە داهاتی سەروو مامناوەندا. دوای بەرزبوونەوەی بەهای زیادکراو لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا تا گەیشتە لوتکەی لە سەدا 14 ی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی لە ساڵی 1988 دا، بەشداریکردنی ئەم کەرتە لە بەرهەمی گشتی ناوخۆییدا پێش کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان بۆ لە سەدا یەك دابەزی، وەك لە وێنەی 1 دا دیارە. پاشەکشەی خێرای کەرتی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سزایانەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە سەپێنران، کە بووە هۆی داخستنی زۆرێک لە کارگەکان، بەهۆی نەبوونی کەرەستەی خاو و سنووردارکردنی هاوردە/هەناردەکردن. لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بەشداریی ئەم کەرتە لە بەرهەمی گشتی ناوخۆییدا چەقیوە لە لە سەدا یەك بۆ سێ

**وێنە 1. بەرهەمهێنان، بەهای زیادکراو (%ی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی) – عێراق**




سەرچاوە: نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی جیهانی

تێبینی: داتاکانی ساڵی 2013 تا 2021 لەگەڵ داتاکانی بەردەست لە کۆکراوەی ئاماری 2022-2023 پەسەندکراون (.cosit.gov.iq/documents/AAS2023/14 pdf).

بەشداریکردنی لاواز و چەقیوی ئەم کەرتە لە بەرهەمی گشتی ناوخۆییدا لە سێ دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی کەشوهەوای وەبەرهێنان و نائەمنی بەربڵاو، کە ڕێگرێکی بەهێزن لەبەردەم وەبەرهێنەرانی نوێ لە کەرتی بەرهەمهێناندا. عێراق لە ڕیزبەندی 172 ـەمین ئابووری بوو لە کۆی 190 ئابووری لە ڕێکخراوی بزنسکردنی ئاسان لە ساڵی 2020 دا (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021؛ بانکی جیهانی 2020). هەروەها شەڕ و پشتگوێخستن و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و بەکرێدانی نافەرمی بوونەتە هۆی ئەوەی دامەزراوە پیشەسازییەکان زیاتر تێکبچن و دابخرێن. ئەمەش جگە لە سیاسەتی بازرگانی کۆنترۆڵنەکراو کە بەشداری کردووە لە داخستنی زۆر دامەزراوەی پیشەسازی بەهۆی ڕکابەری نایەکسان لەسەر کاڵای هاوردە

و بــەرزی تێچووی بەرهەمهێنانــی ناوخۆیــی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی 2021)

بــە پێچەوانــەی دابەزینــی خێرای پشکــی کەرتــی بەرهەمهێنــان لــە بەرهەمــی گشتــی نــاوخۆییدا، دامــەزراندن لــە کەرتەکــەدا تەنهــا کــەمێك دابــەزیوە، لــە ســاڵی 2021 دا گەیشتــە لــە ســەدا 8 (CSO و ئەوانــی تر 2022)، کەمیــکردووە لــە ساڵی 2018 دا کــە ڕێژەکــە 11.5% بووە (بانکــی جیهانــی 2018b). هەروەهــا لێکۆڵینەوەکانــی پێشوو پشتڕاستــی دەکەنــەوە کــە دامــەزراندن لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا بــە بەردەوامــی لــە دەوروبــەری لــە ســەدا 9 بۆ 10 ی کۆی هەڵــی کار بووە (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی 2023b). جیــاوازی نێوان بەهــای زیــادکراوی کەرتەکــە (کــە لــە بەشداریکردنــی لــە بەرهەمــی گشتــی نــاوخۆییدا ڕەنگدەداتــەوە) و قەبــارەی دامــەزراندن لــە کەرتەکــەدا ئاماژەیــە بۆ لاوازی بەرهەمهێنــان (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی 2023b). ئــەم بەرهەمهێنانــە نزمــە لــە کەمبوونــەوەی مووچــەشدا ڕەنگدەداتــەوە، کــە لــە ســەدا 52 ی هێزی کاری بەرهەمهێنــان مووچەیەکــی کەمیــان هەیــە (CSO و ئەوانــی تر 2021)

گەشەســەندنی کەرتــی بەرهەمهێنــان پەیوەستــە بــە بەشــەکانی دیکــەی ئابووریــیەوە، ئەمــەش تیشك دەخاتــە ســەر پەیوەندییــە دواکــەوتوو و پێشکەوتووەکانــی. پەیوەندییــە دواکــەوتووەکان بریتین لــە پشتبــەستن بــە کەرتــی کشتوکاڵ و کەرتــی نــەوت و کانزا، کــە کەرەستــەی خــاو و هــاتوو بۆ پرۆســەکانی بەرهەمهێنــان دابین دەکــەن، ئەمــەش بــەهۆی باڵادەستــی بەرهەمهێنانــی بەرهەمــە خۆراکیــەکان و کانزا دروستکراوەکان و بەرهەمــە کانزاییــەکان (بڕوانــە خشتــەی 2). پەیوەندییــە پێشکەوتووەکانــی کەرتــی تاکفرۆشــی و بەکۆمــەڵ دەگرێتــەوە، کــە کاڵای بەرهــەم هێنراو بەســەر بازرگانــان و بەکارهێنــەراندا دابــەش دەکــەن. ســەرەڕای ئــەوەش، پشتبەستنێکــی بــەهێز لەنــاو خودی کەرتــە لاوەکییەکانــی بەرهەمهێنــاندا هەیــە. بۆ نموونــە پیشەســازییەکانی ئــامێر و نموونــە پیشەســازییە کیمیاییــەکان بەرهەمــی ســەرەکی بۆ دروستکردنــی کەلوپەلــی کانزا و پلاستیك و شتومەکــی خۆراکــی دابین دەکــەن (یونسکۆ 2019)

ســەبارەت بــە دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی، کارمەندانــی بەرهەمهێنــان، کــە گرووپــی توێژینــەوەی ئــەم ڕاپۆرتــەن، لــە ڕووی یاســاییەوە یاساکانی کار و خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــە عێراقــی فیدراڵ و هەرێمــی کوردستــاندا دەیانگرێتــەوە. کارمەندانــی کەرتــی بەرهەمهێنــان بــە گشتــی پابــەندن بــە یاســای کاری عێراقــی فیدراڵــی ژمــارە 37 ی ســاڵی 2015 ــەوە و یاســای کاری ژمــارە 71 ی ســاڵی 1987 لــە هەرێمــی کوردستــاندا (لــە ئەیلولــی 2021)، ئــەم دوو یاســایە پەیوەندییەکانــی دامــەزراندن، گرێبــەست، بارودۆخــی کارکردن و شــایستەییەکانی ئــەو کرێکارانــە ڕێك دەخــەن لــە کەرتــی تایبــەتدا کــە لــە بەرامبــەر کارەکانیــان مووچــە یــان پاداشتێکــی تر وەردەگرن. هەروەهــا کارمەندانــی کەرتــی تایبــەت، لــە وانــەش لــە کەرتــی بەرهەمهێنــان، لــە ڕووی یاســاییەوە مافــی ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتییــان هەیــە. ئەمــەش بــەو مانایــە دێت کــە لــە عێراقــی فیدراڵدا، بەپێــی یاســای نوێــی خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کرێکارانــی ژمــارە 18 ی ســاڵی 2023، لــە ڕووی یاســاییەوە کرێکاران مافــی خانەنشینــی بەســاڵاچوون بــە بــەشداریکردن، بەرکەوتنــی پــەیوەست بــە کار، کەمئەندامــی، دەرماڵــەی کەســانی پاشمــاوە و سوودی نەخۆشییــان هەیــە، هەروەهــا مافــی پاراستنــی منداڵبوون و بێکاریــان هەیــە. لــە هەرێمی کوردستانــی عێراقدا بەپێــی یاســای خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ژمــارە 39 ی ســاڵی 1971 و یاســای ژمــارە 4 ی ســاڵی 2012 کــە هــەمواری یاسای ژمــارە 39 ی ساڵی 1971 دەکات، ئــەوان بــە شێوەیەکــی یاسایی مافــی خانەنشینــی پیری و سوودمــەندبوون بۆ جێمــاو، وە هەروەهــا سوودمەندبوونــی نەخۆشــی، منداڵبوون و بێکارییــان هەیــە

ئــەوەی بۆ گرووپــی توێژینــەوەی ئــەم ڕاپۆرتــە گرنگــە، تۆمارکردنــی کارگــە مەرجێکــی پێشوەختەیە بۆ نــاو تۆمارکردنی کارمــەندان لــە دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا. نــاو تۆمارکردنــی کرێکاران لــە پلانــی زۆرەملێــی دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا دەبێت لەلایــەن خاوەنکارەکانــەوە دەست پێبکرێت، لــە ڕێگــەی بەشــی خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ناوخۆیــی لــە هــەر پارێزگایــەکدا، و تێچووی تۆمــارکردن بــەندە بــە ژمــارەی کارمەندەکانــەوە (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی 2021). بەپێــی یاســای خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کرێکاران ژمــارە 39 ی ســاڵی 1971 کــە تــا ئێستــاش لــە هەرێمــی کوردستــاندا کاری پێدەکرێت، بەشدارییــەکان بــە ڕێژەی لــە ســەدا 17 ی داهاتــی مانگانــەی کرێکاران دانراوە، کــە بــە هاوبەشــی لەلایــەن کرێکاران (لــە ســەدا 5) و خاوەنکارەکانــەوە دەدرێت (لــە ســەدا 12) (ISSA 2024؛ بانکــی جیهانــی 2016، 2020، 2018a). لەگــەڵ پەســەندکردنی یاســای نوێــی خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کرێکاران ژمــارە 18 ی ســاڵی 2023 لــە عێراقــی فیدراڵ، ڕێژەی ســەرجەم بــەشداریکردن بۆ 25% ی داهاتــی مانگانــەی کرێکاران بــەرزبووەوە، حکومــەت (گەنجینــەی گشتــی) پاڵپشتــی لــە ســەدا 8 ــە زیادەکــە دەکات. ڕێژەی بەشداریکردنــی کرێکاران و خــاوەنکارەکان وەك خۆی ماوەتــەوە، کــە کرێکاران لــە ســەدا 5 و خــاوەنکارەکان لــە ســەدا 12 ی داهاتــی مانگانــەی کرێکاران دەدەن (ISSA 2024؛ ڕۆژنامــەی وەقایعــی عێراقــی 2023). داهاتــی مانگانــە کــە بۆ حیسابکردنی بەشدارییــەکان بــەکاردێت، دەبێت لانیکــەم کــەمترین مووچــەی

مانگانەی یاسایی بێت (کە لە عێراقی فیدراڵدا لە ساڵی 2020 دا بە 350,000 دیناری عێراقی دانرابوو، وە لە ساڵی 2022 یشدا لە هەرێمی کوردستان)

بە پێچەوانەوە، بۆ ئەو یەکە بزنسانەی کە تۆمار نەکراون، واتە لای بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاشکرا نەکراون، خاوەنکارەکان ناتوانن کرێکارەکانیان لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆرەملێدا تۆمار بکەن. بەڵام کرێکاران دەتوانن خۆیان لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزوومەندانەدا تۆمار بکەن کە بەپێی یاسای نوێی عێراقی فیدراڵ دابینکراوە. بەشدارییەکان بەپێی پلانی زۆرەملێی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی لە سەدا 5 ی داهاتی مانگانە بۆ کرێکاران و لە سەدا 15 بۆ حکومەت (گەنجینەی گشتی) دانراوە. بژاردەیەکی یاسایی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە بە یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 هاتە ئاراوە کە یاسای ژمارە 39 ی ساڵی 1971 هەموارکردەوە ئەگەری ناو تۆمارکردنی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بە کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان و کرێکارانی نافەرمی و کرێکارانی بێ بەڵگەنامە لە کەرتی تایبەتدا دەدات. بەڵام لە هەمواركردنی ساڵی 2012 دا ڕێکار و ڕێژەی بەشداریکردنی دیاری نەکردووە، ئەم بەرپرسیارێتییەی بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی وەزیران سپاردووە بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ڕێنوێنی ورد بۆ جێبەجێکردن. تا ئێستا بڕگەکانی یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 جێبەجێ نەکراون

سەرەڕای ئەوەش، سەبارەت بە کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان لە عێراقدا، کە پەیوەندیی کاریان لە چاو کرێکارانی کەرتی نادیار لە کەرتی بیناسازیدا زۆر ئاشکراترە، ستراتیژی فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێویستە پێشینە بدات بە ناو تۆمارکردنیان لە پلانی زۆرەملێ دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. لەم ڕووەوە، بەربەستەکانی بەردەم بە فەرمیکردنی کارگەکان هۆکارێکی گرنگن لە ڕێگرتن لە بەشداریکردنی کرێکاران بە گشتی و ئەوانەی لە کەرتی بەرهەمهێناندان بە تایبەتی لە پلانی زۆرەملێی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا

بەربەستی گرنگ لەبەردەم بەفەرمیبوونی کارگەدا هەیە، و بەم جۆرەش بۆ ڕووماڵکردنی کرێکاران. لەوانە ئاسانی ئەنجامدانی کار لە ڕووی تۆمارکردنی بزنس و ئاسانی لە پێدانی باج و کات و تێچووی تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. هەرچەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵ دراوە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی تۆمارکردنی بزنس بەمەبەستی هاوکاریکردنی خاوەنکارەکان بۆ دامەزراندن و تۆمارکردنی بزنسەکانیان و ناو تۆمارکردن لە بواری دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەڵام هێشتا عێراق لە ڕووی ئاسانی کارکردنەوە نمرەی زۆر نزمی هەیە. هەروەها سیاسەتی باج لە عێراق لەلایەن خاوەنکارانەوە ڕەخنەی لێگیراوە بەهۆی نەبوونی شەفافیەت و ڕێگەدان بە گەندەڵی لە کاتی کۆکردنەوەیدا، بەهۆی خراپی شێوازی حیسابکردن کە پەیوەندی بە قازانجی کۆمپانیاکەوە نییە، هەروەها نەبوونی باجدانی دادپەروەرانە (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2023a، ل.56). لە بارەی بزنسە فەرمیەکان، خاوەنکاران دەبێت باجی کۆمپانیا (15٪) (بانکی جیهانی 2020) و هەروەها پارەی بەشداریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بدەن. ئەمە جگە لە پابەندبوون بە ڕاگرتنی باجی داهاتی کەسی لە جیاتی کرێکاران و هەموو مانگێك باج بە دەسەڵاتدارانی باج بدەن (بەشێوەی وەرزی لە KR) و هەروەها مامەڵەی باجی ساڵانە لە جیاتی کارمەندەکانیان پێشکەش بکەن. درێژیی ئەم ڕێکارانە وا دەکات کە تێچووی مامەڵەی کەرتی فەرمی زۆر بێت. بەربڵاوی کارکەر و هۆکار و ڕێکارەکان لایەنێکی دیکەیە کە بۆی هەیە خاوەنکارە فەرمیەکان سارد بکاتەوە لەوەی کرێکارەکانیان لە ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمار بکەن. یەکەم: مەرجەکانی ناو تۆمارکردن لە ئێستادا لە سەرانسەری هەموو لقەکاندا وەك یەك نین و پرۆسەکانی تۆمارکردن بەپێی کەرتەکان جیاوازن. هەروەها بە قەبارەی یەکەی بزنس هەندێك جار پێشبینی دەکرێت کە کام وەزارەت سەرپەرشتی تۆمارکردن بکات؛ ئەو کارگە بچووکانەی کە پێیان باشە وەك کۆمپانیا ناوی خۆیان تۆمار بکەن دەتوانن لای وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان خۆیان تۆمار بکەن، لە جیاتی وەزارەتی بازرگانی

گرنگ ئەوەیە کە ڕێکارەکانی کارکردن لە کەرتی فەرمیدا کە وەك شتێکی زەحمەت و دووروودرێژ هەستیان پێدەکرێت، بەو سوود و خزمەتگوزارییانە قەرەبوو ناکرێنەوە کە لەبەردەستی بزنسە فەرمیەکاندان. هەروەها، ئەو سوود و خزمەتگوزارییانەی کە لەبەردەستی بزنسە فەرمییەکاندان ئەوەندە زۆر نین تا هانی بە فەرمیکردن بدەن (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021). بۆ نموونە، دەستگەیشتن بە قەرز سنووردارە و بەربەستی گەورە لە بەردەم ئەو کۆمپانیایانەدا هەیە کە دەیانەوێت پارەدارکردن بەدەست بهێنن، عێراق لە کۆی 190 ئابووری لە ڕووی دەستگەیشتن بە قەرز لە پلەی 186 ـەم دایە (بانکی جیهانی 2020). هەروەها، خراپی ڕووماڵکردن و کوالیتی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، کە دەبێت بە باج پارەیان بۆ دابین بکرێت، زیاتر خاوەنکارەکان بێهیوا دەکات لە پێدانی باج و تۆمارکردنی کۆمپانیاکانیان (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021). ئەمەش جگە لە توانای لاوازی جێبەجێکردنی یاسا و لە ئەنجامیشدا کەمی ئەگەری گرتن یان سزادان لەسەر تۆمارنەکردنی بزنس یان

کرێکار (ئەمە سەبارەت بە بزنسی فەرمی)

چاکسازی هەیە، بەڵام بەڵگەی ئەوە پێویستە کە کاریگەربێت. لە هەندێك شار ماڵپەڕەکانی وەك پۆرتاڵی تۆمارکردنی ئەلەکترۆنی بەغداد هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی بۆ تۆمارکردنی بزنس پێشکەش دەکەن. هەر هەنگاوێکی پرۆسەکە لیستێك و پەیوەندی بە یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکانەوە لەخۆدەگرێت، هەروەها کرێی پەیوەندیدار، فۆرم، لایەنی بەرپرسیار و زانیاری لەسەر پرۆسەکە، بەڵگەنامە یان کرداری دیکەی پێویست بۆ ئەوەی بتوانن بچنە قۆناغی داهاتووی تۆمارکردن. هەروەها بۆ وەرگرتنی یارمەتی زیاتر لیستی پەیوەندییەکان لە ژووری بازرگانی ناوخۆییدا دانراوە. لە بەرامبەردا سیستەمێکی «یەك پەنجەرە بۆ هەموو» بە شێوەی ئۆنلاین دەستپێکردووە بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکە بۆ هاوڵاتیانی عێراقی، لەوانە کەمکردنەوەی ژمارەی چەندین سەردانی کەسی پێویست بۆ تەنها یەك سەردان. ئەم سیستەمە دەرئەنجامی هەوڵە هاوبەشەکانی لقی بازرگانی و گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتەکانی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تۆڕی پێشەنگکاری جیهانییە

# 3


# دەرەنجامی چەندایەتی: پرۆفایلی ڕووپێوی هێزی کار بۆ کەرتی بەرهەمهێنان

# دەرەنجامی چەندایەتی: پرۆفایلی ڕووپێوی هێزی کار بۆ کەرتی بەرهەمهێنان

### 1.3. قەبارەی سەرجەم کەرتی بەرهەمهێنان

کەرتی بەرهەمهێنان بە تێکڕا لە سەدا 6 (واتە 533,224 کار) لە کۆی دامەزراندن لە عێراقدا (سەجەم کەرتی گشتی و تایبەت) پێکدەهێنێت، لەگەڵ پشکێکی کەمێك گەورەتری دامەزراندن لە هەرێمی کوردستاندا (لە سەدا 8، واتە 112,247 هەڵی کار) لە چاو عێراقی فیدراڵدا (لە سەدا 6، واتە 420,977 کار). زۆربەی کارەکان لە کەرتی بەرهەمهێناندا (لە سەدا 83 ی کارەکان) لە کەرتی تایبەتدایە. ئەگەر تەنها سەیری کارەکانی کەرتی تایبەت بکەین، ئەوا بەرهەمهێنان لە سەدا 8 ی کارەکان لە کەرتی تایبەتدا پێکدەهێنێت. لە هەرێمی کوردستاندا، کاری بەرهەمهێنان پشکێکی کەمێك گەورەترە (لە سەدا 12 ی کارەکانی کەرتی تایبەت – نزیکەی 104,697کار) بە بەراورد لەگەڵ عێراقی فیدراڵدا (لە سەدا 8 ی کارەکانی کەرتی تایبەت – نزیکەی 336,813کار). لە ڕووی دامەزراندنی کەرتی تایبەتەوە، بەمەش لە عێراقی فیدراڵدا کەرتی بەرهەمهێنان لە پلەی سێیەمدا دێت دوای کەرتی بیناسازی (28% ی کاری کەرتی تایبەت) و کشتوکاڵ (14%ی کاری کەرتی تایبەت). سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، پشکی کەرتی بەرهەمهێنان لە دامەزراندن لە کەرتی تایبەتدا تارادەیەك هاوشێوەی پشکی بیناسازییە (لە سەدا 11) و کشتوکاڵ (لە سەدا 13)

**وێنەی 2. پشکی کەرتی بەرهەمهێنان (ڕێژە سەدی و ژمارەی ڕەها) لە دامەزراندنی کەرتی تایبەت لە عێراقدا**





**سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021**

نزیکەی سێ لەسەر چواری دامەزراندن (لە سەدا 74، یان 396,123 کرێکار لە کۆی 533,223) لە ناوچە شارییەکاندایە (CSO و ئەوانی تر 2022). وێنەی 3 نیشانی دەدات کە لە عێراقی فیدراڵدا، کەرتی بەرهەمهێنان لە بەغدادا چڕبووەتەوە کە لە سەدا 37 ی هێزی کاری بەهەمهێنی لێیە، دوای ئەویش سەڵاحەدین دێت کە لە سەدا 27 ی هێزی کاری پیشەسازی لە خۆ دەگرێت و نەینەوا و نەجەف و بابل کە هەریەکەیان لە سەدا 12 ی هێزی کاری بەهەمهێنی لێیە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، هێزی کاری بەرهەمهێنان بە یەکسانی لە سلێمانی (51٪) و هەولێر (49٪) چڕبووەتەوە


[5] تجمع العاصمة بغداد 29 بالمائة من إجمالي الأعمال في القطاعات الاقتصادية كافة (أي 2.044.922 عاملًا)، لذا، من المتوقّع أن تكون محافظة بغداد هي التي تحتوي على حصة التشغيل الأكبر في القطاعات المختلفة.

### ◀ وێنەی 3. دابەشبوونی جوگرافی (%)ی سەرجەم هێزی کاری بەرهەمهێنان لە عێراقدا

عێراقی فیدراڵ




هەرێمی کوردستان





سەرچاوە: داتاکان لە T40 لە CSO و ئەوانی تر 2021 وەرگیراون

تێبینی: دابەشکردنەکە بۆ سەرجەم کەرتی بەرهەمهێنانە، لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و هەموو جۆرە جیاوازەکانی دامەزراندن (کارمەند، خاوەنکار، کرێکاری خاوەنکاری خۆی و کرێکاری سەربەخۆ) دەگرێتەوە. ڕووپێوی هێزی کار ژمارەی کۆی گشتی کارمەندانی سلێمانی و هەڵەبجە پێکەوە نیشان دەدات.

### 3.2. قەبارەی گرووپی توێژینەوەکە

گرووپــی توێژینــەوە بۆ ئــەم ڕاپۆرتــە، واتــە کارمــەندان، نزیکــەی نیوەی (لــە ســەدا 53 بۆ 54)ی هێزی کاری بەرهەمهێنــان لــە کەرتــی تایبــەت پێکدەهێنن، وەك لــە وێنــەی 4 دا نیشــان دراوە. بــە لەبەرچاوگرتنــی ســەرجەم هێزی کاری کەرتــی تایبــەت، کارمەندانــی کەرتــی بەرهەمهێنــان نزیکــەی لــە ســەدا 4 کۆی دامــەزراندن لــە کەرتــی تایبــەتدا لــە عێراقــی فیدراڵ و لــە ســەدا 6 لــە هەرێمــی کوردســتاندا پێکدەهێنن

**◄ وێنەی 4. دابەشکردنی دۆخی دامەزراندن لە کەرتی بەرهەمهێناندا، دامەزراندن لە کەرتی تایبەتدا**





### 3.3. تایبەتمەندییەکانی گرووپی توێژینەوە (کارمەندان) لە کەرتی بەرهەمهێناندا

پیــاوان زیــاتر لــە ســەدا 80 ی کەرتــی بەرهەمهێنــان (98.5%ی کارمەندانــی کەرتەکــە) و زۆرینــەی ڕەهــای گرووپی توێژینەوەکــە پێکدەهێنن. لــە عێراقــی فیدراڵدا، پیــاوان لــە ســەدا 88 ی هێزی کاری گشتیــی بەرهەمهێنــان لــە کەرتــی تایبــەتدا پێکدەهێنن، هەروەهــا لــە ســەدا 99 ی کارمەندانــی ئــەم کەرتــە پێکدەهێنن. لــە هەرێمــی کوردســتانیشدا بــە هەمــان شێوەیــە، پیــاوان نوێنەرایەتــی لــە ســەدا 72 ی ســەرجەم هێزی کاری بەرهەمهێنــان و لــە ســەدا 96 ی کارمەندانــی کەرتەکــە دەکــەن

لــە کاتێکدا ژنــان زیــاتر لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا چڕبوونەتــەوە بــە بــەراورد بــە کەرتەکانــی تر، بــەڵام ئەگــەری کارکردنیــان وەك کارمــەند لــەم کەرتــەدا زۆر کــەمترە. وێنــەی 5 نیشــان دەدات کــە ژنــان نزیکــەی لــە ســەدا 20 ی ســەرجەم هێزی کاری بەرهەمهێنــان پێکدەهێنن (لــە هــەموو دۆخەکانــی دامــەزراندندا). ئەمــەش چوار هێندەی ڕێژەی تێکڕای کارە لــە کەرتــی تایبــەتدا (لــە ســەدا 5). چڕبوونــەوەی ژنــان لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا لــە هەرێمــی کوردستان (لــە ســەدا 27.5) زۆر زیــاترە لــەوەی عێراقــی فیدراڵ (لــە ســەدا 15.5). بــەڵام ئەگــەر ســەیری چڕبوونــەوەی ژنــان بکــەین لــە نێو کارمەندانــی بەرهەمهێنــاندا، کــە گرووپــی توێژینــەوەی ئــەم ڕاپۆرتــەن (وێنــەی 4)، ئــەوا ژنــان تەنهــا لــە ســەدا 1.5 ی ســەرجەم کارمەندانــی بەرهەمهێنــان پێکدەهێنن. ئەمــە زیــاتر لــە هەرێمــی کوردســتــاندا وایــە، کــە ڕێژەی ژنــان لــە کاری بــە مووچــە لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا لــە ســەدا 4 ــە و زیــاترە لــەوەی عێراق کــە ڕێژەکــەی تەنهــا لــە ســەدا 0.6 ــە. ڕێژەیەکــی بــەرزی چڕبوونــەوەی ژنــان لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا بــە گشتــی لەبــەر ئەوەیــە


کە ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر لە کاری بێ مووچەدان، واتە کرێکاری خاوەنکاری خۆیانن، کە ژنان لە سەدا 28 ی کرێکارانی سەربەخۆ لە عێراقی فیدراڵ و نزیکەی لە سەدا 60 لە هەرێمی کوردستانی عێراق (لە سەدا 59) پێکدەهێنن.

### وێنەی 5. ڕێژە ی ژنان لە کاری کەرتی تایبەتدا بە پێی کەرت




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

### وێنەی 6. ڕێژەی ژنان لە کەرتی تایبەتی بەرهەمهێناندا




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

6. زۆربەی ژنانی کرێکار لە کەرتی بەرهەمهێناندا خۆبەخشن، بەتایبەتی لە پیشەسازی جلوبەرگی ئامادەکراودا (ڕاپرسی هێزی کار 2021).

پیشـەی سـەرەکی کارمەندانـی بەرهەمهێنـان بریتییـە لـە «کرێکارانـی پیشەسـازی و پیشـە بازرگانیە پـەیوەندیدارەکان» (لـە سـەدا 68 ی سـەرجەم کارمەندانـی عێراق)، دوای ئـەوە لـە سـەدا 12 وەك «کارپێکـەر و کۆکـەرەوەی دەسـتـگا و ئـامێر» (بڕوانـە خشـتـەی 1). بـە سـەیرکردنی وردەکاری زیـاتر، وێنـەی 7 بـاوترین پیشـە لـە ئاسـتـی 2 ژمـارەییدا بۆ کارمەندانـی کەرتـی بەرهەمهێنـان نیشـان دەدات؛ بـە تەنیـا ئـەم پیشـانە لـە سـەدا 74 ی کارمـەندان لـە عێراقـی فیدراڵ و لـە سـەدا 69 ی کارمـەندان لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا پێکدەهێنن. یەکـەمین پیشـەی سـەرەکی نزیکـەی یـەك لەسـەر چواری کارمـەندان لـە عێراقـی فیدراڵدا بریتییـە لـە «پڕۆسێسکردنـی خۆراك، دارتاشـی، جلوبـەرگ و پیشەسـازی و پیشـە پەیوەندیدارەکانـی تر» (لـە سـەدا 25)، دوای ئـەوە «کانزا و ئـامێر و پیشـە پـەیوەندیدارەکان» (لـە سـەدا 16)، « کارپێکـەری دەسـتـگا و ئـامێری جێـگیر» (لـە سـەدا 10)، «پیشـەگەریی یـاریدەدەر لـە زانست و ئەندازیـاری» (لـە سـەدا 9)، « بیناسـازی و پیشـەی پـەیوەندیدار (جگـە لـە کارەباچـی)» (لـە سـەدا 8)، و «کاری دەسـتـی و چـاپکردن» (لـە سـەدا 6) بـە بـەراورد لەگـەڵ دووەم جۆری هـەرە گرنگـی کرێکاری لـە نێو هێزی کاری بەرهەمهێنـاندا، کـە کرێکارانـی سـەربەخۆیە، دابەشبوونـی پیشـەکان تـا ڕادەیـەك هاوشێوەیـە (سـەیری خشـتـەی پـاشکۆی 3 بکـە). دوو پیشـەی هـەرە گرنـگ لـە نـاو کرێکارانـی سـەربەخۆدا هـاوشێوەی پیشـەی کارمـەندانن، و بریتین لـە «کانزا، ئـامێر و پیشـە پـەیوەندیدارەکان» (لـە سـەدا 26) و «پڕۆسێسکردنـی خۆراك» (لـە سـەدا 25). بـەڵام سێیـەم و چوارەم پیشـەی سـەرەکیی کرێکارانـی سـەربەخۆ جیاوازن لـە پیشـەی کارمـەندان، و بریتین لـە «کرێکاری کارامـەی ڕووەو بـازاڕ لـە بوارەکانـی دارسـتـان و ماسیـگرتن و ڕاوکردن» (لـە سـەدا 21) و «کرێکاری فرۆشتن» (لـە سـەدا 13). لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا بـاوترین پیشـە بریتییـە لـە «پڕۆسێسکردنـی خۆراك، دارتاشـی، جلوبـەرگ و پیشەسـازی و پیشـە پەیوەندیدارەکانـی تر»، بـە هەمـان شێوەی عێراقـی فیدراڵ کـە لـە سـەدا 17 ی کارمـەندان پێکدەهێنن. دووەمین دوو پیشـەی هـەرە بـاو بریتین لـە «کانزا، ئـامێر و پیشـە پـەیوەندیدارەکان»، و «کانـگا، بیناسـازی، بەرهەمهێنـان و گواستنـەوە». هـەر یـەکێك لـەم دوو پیشـەیە لـە سـەدا 13 ی کارمـەندان پێکدەهێنێت. چوارەم پیشـەی هـەرە بـاو لـە نـاو کارمـەنداندا بریتییـە لـە «شۆفێران و کارپێکەرانـی دەسـتـگای گـەڕۆك» (لـە سـەدا 9)، دوای ئـەوەش «کرێکارانـی فرۆشتن (لـە سـەدا 6) و «کرێکارانـی بیناسـازی و پیشـە پـەیوەندیدارەکان (بێجگـە لـە کارەباچـی)» (لـە سـەدا 6). بـە بـەراورد لەگـەڵ دووەمین جۆری هـەرە گرنگـی کرێکار لـە نـاو هێزی کاری بەرهەمهێنـاندا، واتـە کرێکارانـی سـەربەخۆ، دابـەشبوون بەسـەر پیشـەکاندا جیـاوازە، کـە کرێکارانـی سـەربەخۆ لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا تاڕادەیەکـی زۆر لـە «پڕۆسێسکردنـی خۆراك و دارتاشـی و جلوبـەرگ و پیشەسـازییەکانی پیشـەی پـەیوەندیداری تر (لـە سـەدا 70)، دواتر «کرێکارانـی فرۆشتن» (لـە سـەدا 1) (بڕوانـە خشـتـەی پـاشکۆی 3)


**◄ خشـتـەی 1. دابەشـبوونی کارمـەنـدان لـە کەرتـی تایبـەتـی بەرهـەمهێنـانـدا بـەپێـی پیشـە (ئـاسـتـی 1 ژمـارەیـی)، ڕووپێـوی هێـزی کار 2021**


| کرێکارانی ئەکاونتی تایبەت بە خۆیان | ژمارەکان | | پێکهاتە ٪ | |
|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | کارمەندان | کۆی گشتی | کارمەندان |
| کرێکارانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان | 344 279 | 954 158 | 63 | 68 |
| بەڕێوەبەرانی کارگە و ئامێرەکان و کۆکەرەوەکان | 667 29 | 594 27 | 7 | 12 |
| کرێکارانی خزمەتگوزاری و فرۆشتن | 088 41 | 119 16 | 9 | 7 |
| پیشە سەرەتاییەکان | 288 17 | 070 17 | 4 | 7 |
| پیشەکانی تر | 122 74 | 493 13 | 17 | 6 |
| کۆی گشتی | 509 441 | 230 233 | 100 | 100 |

سەرچاوە: ژمێرکاری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

تێبینی: داتاکان بە کۆکراوەیی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ پێشکەش کراون. داتای جیاکراوە بەپێی ناوچە بە تیمی توێژینەوەکە نەدرا.

### ◄ وێنەی 6. دابەشبوونی کارمەندان لە کەرتی تایبەتی بەرهەمهێناندا بەپێی پیشە سەرەکییە 2 ژمارەییەکان




سەرچاوە: ژمێرکاری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

تێبینی: پیشەکانی تر هەموو پیشە ئاست 2 ژمارەییەکان دەگرێتەوە کە پشکی کرێکاران کەمترە لە سەدا 5 ی کارمەندان. ژنان نیشان نەدراون، چونکە ئەوان پشکێکی بچووك لە کارمەندان لە کەرتی بەرهەمهێناندا پێکدەهێنن (بڕوانە وێنەی 6)

ئەم شێوازە پیشەییانە هەروەها پێشبینی ڕێژەی باوترین پیشەسازییە لاوەکییەکانی بەرهەمهێنان دەکەن، کە بریتین لە «بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆراکیەکان» (لە سەدا 24 لە عێراقی فیدراڵ و لە سەدا 25 لە هەرێمی کوردستاندا)، «بەرهەمهێنانی بەرهەمی کانزای دروستکراو، جگە لە مەکینە و ئامێر» ( لە سەدا 20 لە عێراقی فیدراڵ و لە سەدا 17 لە هەرێمی کوردستاندا)، و «بەرهەمهێنانی بەرهەمە کانزاییە نامیتاڵییەکان» (لە عێراقی فیدراڵی لە سەدا 13 و لە هەرێمی کوردستان لە سەدا 14). چوارەم پیشەسازی لاوەکی هەرە گرنگ لە عێراقی فیدراڵدا بریتییە لە «بەرهەمهێنانی مۆبیلیات» (لە سەدا 10)، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان، «بەرهەمهێنانی خەڵوز و بەرهەمە نەوتیە پاڵاوتەکان»ە. ئەم چوار پیشەسازییە لاوەکییە پێکەوە نزیکەی کاری لە سەدا 67 و لە سەدا 64 ی کارمەندان لە کەرتی بەرهەمهێنان لە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن

دووەم جۆری هەرە گرنگی کرێکاری لە نێوان هێزی کاری بەرهەمهێناندا کرێکارانی سەربەخۆن (بڕوانە خشتەی پاشکۆی 4). کرێکارانی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر لە «بەرهەمهێنانی بەرهەمی جل و بەرگی لەبەرکراو» (لە سەدا 63) چڕ بوونەتەوە، ئینجا دوای ئەمە «بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆراکیەکان» (لە سەدا 13). سەبارەت بە عێراقی فیدراڵ، دابەشبوون بەسەر پیشەسازییەکاندا تاڕادەیەك هاوشێوەیە لە نێوان کرێکارانی سەربەخۆ و کارمەنداندا. کرێکارانی سەربەخۆ لە عێراقی فیدراڵدا تا ڕادەیەکی زۆر لە بواری «بەرهەمهێنانی بەرهەمە کانزاییە دروستکراوەکان، جگە لە مەکینە و ئامێر» کار دەکەن (لە سەدا 27)، کار لە «بەرهەمهێنانی خەڵوز و بەرهەمە نەوتییە پاڵاوتەکان» دەکەن (لە سەدا 21)، «بەرهەمهێنانی جلوبەرگی لەبەرکراو» (لە سەدا 17)، و «بەرهەمهێنانی مۆبیلیات» (لە سەدا 13). گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ژنان لە سەدا 60 ی کرێکارانی سەربەخۆ لە کەرتی بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنن. بە بەراورد لەگەڵ تەنها لە سەدا 15 ی کرێکارانی سەربەخۆ لە کەرتی بەرهەمهێنانی عێراقی فیدراڵدا. ئەمەش دەکرێت بەوە لێکبدرێتەوە کە بە گشتی ژنان لە عێراقی فیدراڵدا کەمتر بەشداری لە هێزی کار دەکەن، و لە هەرێمی کوردستاندا چڕبوونەوەیەکی زیاتری ژنان لە کەرتی بەرهەمهێناندا هەیە


### ◄ خشتەی 2. دابەشبوونی کارمەندان لە کەرتی تایبەتی بەرهەمهێناندا بەپێی پیشەسازی لاوەکی (ئاستی 2 ژمارەیی)، ڕووپێوی هێزی کار 2021

| هەرێمی کوردستان | | | عێراقی فیدراڵ | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **%** | **کۆی گشتی** | **چالاکییە ئابوورییەکان ئاستی ٢ ژمارەیی** | **%** | **کۆی گشتی** | **چالاکییە ئابوورییەکان ئاستی ٢ ژمارەیی** |
| 25 | 16 449 | دروستکردنی بەرهەمی خۆراکی | 24 | 63 397 | دروستکردنی بەرهەمی خۆراکی |
| 17 | 11 343 | دروستکردنی بەرهەمی کانزای دروستکراو، جگە لە ئامێر و ئامێرەکان | 20 | 52 304 | دروستکردنی بەرهەمی کانزای دروستکراو، جگە لە ئامێر و ئامێرەکان |
| 14 | 9 539 | دروستکردنی بەرهەمی تری کانزایی ناکانزا | 13 | 35 750 | دروستکردنی بەرهەمی تری کانزایی ناکانزا |
| 8 | 5 139 | دروستکردنی مۆبیلیات | 10 | 27 441 | دروستکردنی مۆبیلیات |
| 7 | 4 244 | چاککردنەوە و دانانی مەکینە و ئامێرەکان | 7 | 17 476 | چاککردنەوە و دانانی مەکینە و ئامێرەکان |
| 4 | 2 521 | دروستکردنی مادده کیمیاییەکان و بەرهەمە کیمیاییەکان | 6 | 16 508 | دروستکردنی مادده کیمیاییەکان و بەرهەمە کیمیاییەکان |
| 4 | 2 517 | دروستکردنی کانزای بنەڕەتی | 6 | 15 452 | دروستکردنی کانزای بنەڕەتی |
| 3 | 2 209 | دروستکردنی کۆک و بەرهەمە نەوتییە پاڵاوتەکان | 2 | 5 910 | دروستکردنی کۆک و بەرهەمە نەوتییە پاڵاوتەکان |
| 18 | 12 046 | پیشەسازییەکانی تر | 12 | 32 817 | پیشەسازییەکانی تر |
| **100** | **66 007** | **کۆی گشتی** | **100** | **267 055** | **کۆی گشتی** |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران، بە پشتبەستن بە ڕاپرسی هێزی کاری عێراقی ساڵی 2021

نەبوونی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسەکردنی کاری نافەرمییە، بەپێی بیست و یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارناسانی کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2023a)، لەناو هەموو کارمەندانی کەرتی بەرهەمهێناندا نزیکە لە گشتگیربوون، هەرچەندە ڕەنگە وەك یاسا ڕووماڵکرابن، وەك لەسەرەوە باسکرا. بە شێوەیەکی کرداری، لە سەدا 100 (لە عێراقی فیدراڵ) و لە سەدا 98 (لە هەرێمی کوردستان)ی کارمەندانی بەرهەمهێنان لە کەرتی تایبەت دەستەبەری کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە، وەك لە وێنەی 8 دا دیارە

◀ وێنەی 8. کارمەندانی نافەرمی (بە ژمارە و %) لە کەرتی بەرهەمهێناندا، کەرتی تایبەت





سەرچاوە: کۆمەڵەیەکی تایبەتی نووسەران، لەسەر بنەمای LFS 2021

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران، بە پشتبەستن بە ڕاپرسی هێزی کاری عێراقی ساڵی 2021

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەی بــە گشــتی ڕووماڵکردنــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــە نــاو کرێکارانــی بەرهەمهێنــاندا نییــە، پرسیارێکــی گرنــگ ئەوەیــە کــە دۆخــی بــە فەرمیبوونــی ئــەو کۆمپانیایەیــە کــە کاریــان بۆ دەکــەن چیــە. بــە بــەراورد لەگــەڵ کەرتــی بیناســازی کــە کارمــەندان زیــاتر لــە کۆمپانیــا نافەرمیــەکاندا کاردەکــەن (لــە ســەدا 99 لــە عێراقــی فیدراڵ و لــە ســەدا 86 لــە هەرێمــی کوردســتــاندا)، کارمەندانــی بەرهەمهێنــان ئەگــەری کارکردنیــان لــە کۆمپانیــا نافەرمیــەکاندا زۆر کــەمترە. بۆ نموونــە وێنــەی 9 نیشــان دەدات کــە تەنیــا دوو لەســەر سێــی کارمــەندان لــە عێراقــی فیدراڵدا (نزیکــەی 116 هــەزار و 166 کرێکار) لــە کۆمپانیــا نافەرمیــەکاندا کاردەکــەن، و تەنهــا یــەك لەســەر چواری کارمەندانــی هەرێمــی کوردســتــان (نزیکــەی 13,824 کرێکار) لــە کۆمپانیــا نافەرمیــەکاندا کاردەکــەن. بەربەستــی ســەرەکی لــە بــەردەم ڕووماڵکردنــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ ئــەم کارمەندانــە لــە عێراقــی فیدراڵ و لــە هەرێمــی کوردســتــاندا، نافەرمــی ئــەو کۆمپانیایانــە کــە کاریــان بۆ دەکــەن، ئەمــەش پێشبینیکەرێکــی بــەهێزە بۆ نافەرمــی لــە نێو کرێکاراندا. هەروەهــا، بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەی کــە نەبوونــی ڕوومــاڵکردن لــە نێوان کارمــەنداندا گشــتــگیرە، وێنــەی 9 هەروەهــا نیشــان دەدات کــە هــەموو کارمــەندان کار لــە کۆمپانیــا نافەرمیــەکاندا ناکــەن و هــەندێك لــە کارمەندانــی بەرهەمهێنــان کــە ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتییــان نییــە لــە یەکــە بزنســە فەرمیــەکاندا کاردەکــەن (واتــە کەرتــی فەرمــی) – نزیکــەی لــە ســەدا 33 ی کارمــەندان لــە عێراقــی فیدراڵ و نزیکــەی لــە ســەدا 75 ی کارمــەندان لــە هەرێمــی کوردستــاندا. بۆ ئەمانــە یــەکێك لــە بەربەستــە ســەرەکییەکانی بــەردەم ڕوومــاڵکردن پابەندنەبوونــە لــە لایــەن خــاوەنکارە فەرمیەکانیــەوە. ئــەم پابەندنەبوونــە لەوانەیــە بــەهۆی بڕیارێکــی خاوەنکارەکانــەوە بێت کــە کرێکارەکانیــان نــاونووس نەکــەن، یــان لەوانەشــە لەســەر بنەمــای ڕێککەوتنــی هاوبــەش بێت لەگــەڵ کرێکاران. بەڵگــەی زیــاتر پێویستــە بۆ تێگــەیشتن لــە داینامیکــی پشت کارە نافەرمیــەکان لــە کۆمپانیــا فەرمیــەکاندا

جیاوازییەکــی بــەهێزی ناوچەیــی لــە شێوازە نافەرمیەکانــی کۆمپانیــاکاندا هەیــە. کارمەندانــی بەرهەمهێنــان ئەگــەری

◀ وێنــەی 8. دابەشــبوونی (بــە ژمــارە و بــە ڕێــژەی ســەدی) کارمەندانــی کەرتــی بەرهەمهێنــان بەپێی دۆخــی بەفەرمیبوونــی یەکــە بزنســەکانیان، کەرتــی تایبــەت




سەرچاوە: کۆمەڵەیەکی تایبەتی نووسەران، لەسەر بنەمای LFS 2021

کارکردنیــان لــە کۆمپانیــا نافەرمیــەکان لــە هەرێمــی کوردستــان بــە شێوەیەکــی بەرچــاو کــەمترە بــە بــەراورد بــە عێراقــی فیدراڵ، ئەمــەش ئامــاژە بــەوە دەکات کــە حاڵەتــی نافەرمیبوونــی کۆمپانیــاکان لــە هەرێمــی کوردستــان زۆر کــەمترە لــەوەی عێراقــی فیدراڵ. لەگــەڵ ئــەوەشدا، لەبــەر ئــەوەی زۆربــەی کارمــەندان لــە هەرێمــی کوردستــان ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتیــان نییــە ئەمــە بــەو مانایــە دێت کــە پرســەکانی پابــەندبوون و دوودڵــی خــاوەنکارە فەرمیــەکان بۆ نــاو تۆمارکردنــی کرێکارەکانیــان لــە هەرێمــی کوردستــاندا زۆر بەرچــاوترە وەك لــە عێراقــی فیدراڵ. نەبوونــی ڕوومــاڵکردن لــە عێراقــی فیدراڵ دەگەڕێتــەوە بۆ نافەرمیی کۆمپانیا بەسەبارەت لە سەدا 66 ی کارمەندان، و بۆ کێشــەکانی پابــەندبوون بۆ لــە ســەدا 33 ی کرێکاران؛ بــەڵام لــە هەرێمــی کوردستــان پێچەوانــەی ئەمــە بــەدی دەکرێت، کەمــی ڕووماڵکردن کــە دەگەڕێتــەوە بۆ نافەرمییەتــی کۆمپانیا تەنهــا لــە ســەدا 25 ی کرێکاران دەگرێتــەوە و بۆ کێشــەکانی پابــەندبوون زۆرینــەی کرێکاران (لــە ســەدا 75) دەگرێتــەوە

قەبـارەی کۆمپانیـا هۆکارێکـی گرنگـی ترە بۆ تێگـەیشتن لـە شێوازەکانـی ڕوومـاڵکردن لـە نـاو کارمەندانـی کەرتـی بەرهەمهێنـاندا. هاوشـان لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی بەفەرمیبوونـی بازرگانـی، کۆمپانیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان هێزی کاری تاڕادەیـەك گەورەتریـان هەیـە لـە چـاو عێراقـی فیدراڵدا. خشتـەی 3 نیشـان دەدات کـە کرێکاران لـە هەرێمـی کوردستـاندا کـەمتر لـە کۆمپانیـا زۆر بچووك و بچووکـەکان چڕبوونەتـەوە بـە بـەراورد بـە عێراقـی فیدراڵ. لـە کاتێکدا کـەمتر لـە نیوەی کارمەندانـی بەرهەمهێنـان لـە هەرێمـی کوردستـاندا (لـە سـەدا 48، واتـە نزیکـەی 26,989کرێکار لـە کۆی گشتـی 56,248) لـە کۆمپانیـا بچووکـەکاندا کاردەکـەن (5 بۆ 9 کرێکار)، زیـاتر لـە دوو لەسـەر سێـی کارمەندانـی بەرهەمهێنـان لـە عێراقـی فیدراڵدا (لـە سـەدا 68) لـە کۆمپانیـا زۆر بچووکـەکاندا کاردەکـەن (1 بۆ 4 کرێکار). نیوەکـەی تری کارمەندانـی بەرهەمهێنـان لـە هەرێمـی کوردستـاندا نزیکـەی بـە یەکسـانی لـە نێوان کۆمپانیـا مامنـاوەندەکاندا دابـەشبوون (لـە سـەدا 15 ی کارمـەندان لـەو کۆمپانیانـەن کـە 10 بۆ 19 کرێکاریـان هەیـە و لـە سـەدا 18 ی کارمەندانـی ئـەو کۆمپانیایانـە کـە 20 بۆ 49 کرێکاریـان هەیـە)، و کۆمپانیـا گـەورەکان ( لـە سـەدا 19 ی کارمـەندان). سـەبارەت بـە عێراقـی فیدراڵ، لـە سـەدا 32 ی کارمەندانـی تر (14.5%) لـە کۆمپانیـا بچووکـەکاندان (5 بۆ 9 کرێکار) و لـە سـەدا 17 لـە کۆمپانیـا مامنـاوەندەکاندا (10 بۆ 49 کرێکار) چڕبوونەتـەوە

نافەرمیبوونـی بزنس پەیوەندییەکـی زۆری بـە قەبـارەی کۆمپانیاکـەوە هەیـە، کارمەندانـی کۆمپانیـای زۆر بچووك زۆر زیـاتر ئەگـەری ئەوەیـان هەیـە کـە بـاس لـەوە بکـەن کـە لـە یەکەیەکـی بزنسـی نافـەرمیدا کار دەکـەن. بۆ نموونـە لـە عێراقـی فیدراڵدا، لـە سـەدا 90 ی کارمەندانـی کۆمپانیـا زۆر بچووکـەکان لـە یەکـەی بزنسـی نافـەرمیدا کاردەکـەن، بـە بـەراورد لەگـەڵ لـە سـەدا 21 ی کارمەندانـی کۆمپانیـا بچووکـەکان (بڕوانـە خشتـەی 3). ئەمـە لـە هەرێمـی کوردستـانیشدا هـەر وایـە، بـەڵام بـە ڕادەیەکـی بەرچـاو کـەمتر. نزیکـەی لـە سـەدا 43 ی کرێکارانـی کۆمپانیـا بچووکـەکان لـە یەکـەی بزنسـی نافـەرمیدا کاردەکـەن، بـە بـە بـەراورد لەگـەڵ لـە سـەدا 20 ی کرێکارانـی کۆمپانیـا گـەورەکان.

بۆیـە زۆرینـەی کۆمپانیـا نافەرمیـەکان لـە عێراقـی فیدراڵدا (کـە لـە سـەدا 66 ی کارمـەندان دەگرنـە خۆیـان – سـەیری وێنـەی 9 بکـە) کۆمپانیـای زۆر بچووکن (1 بۆ 4 کرێکار). ئـەم جۆرە کۆمپانیایانـە کار لـە سـەدا 93 ی کرێکارانـی نافەرمـی لـە عێراقـی فیدراڵدا دابینکردووە، وەك لـە خشتـەی 3 دا دیـارە. بـە هەمـان شێوە، زۆرینـەی کرێکارانـی یەکـە بزنسـە نافەرمییـەکان لـە هەرێمـی کوردستـاندا (کـە لـە سـەدا 25 ی کارمـەندان دەگرنـە خۆیـان – سـەیری وێنـەی 9 بکـە) لـە کۆمپانیـای بچووکدا کاردەکـەن ( 5 بۆ 9 کرێکار)


[7] پێناسەکانی ڕێکخراوی کار بۆ کەرتی نافەرمی لە ئاستی کار و یەکەی ئابووری (شوێنی کار، کارگە) بەپێی ڕاپرسی هێزی کار لە هاوپێچی 2 دا هاتووە.

### خشتەی 3. دابەشبوونی کار بەپێی قەبارەی کۆمپانیا، و ڕێژەی سەدی کار لە یەکەکانی بزنسی نافەرمیدا بەپێی قەبارە

| هەرێم | قەبارەی کۆمپانیا | کۆی گشتی دامەزراو (ژمارەکان) | پێکهاتەی کارەکان بەپێی قەبارەی کۆمپانیا (%) | لە یەکە نافەرمیەکان دامەزراون (ژمارەکان) | ڕووداوی نافەرمی بازرگانی بەپێی قەبارە (%) | پێکهاتەی کرێکاران لە یەکە نافەرمیەکان (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عێراقی فیدراڵی | 1-4 | 121 157 | 68.5 | 108 499 | 90 | 93 |
| | 5-9 | 25 500 | 14.5 | 5 262 | 21 | 5 |
| | 10-19 | 23 482 | 13 | 1 129 | 5 | 1 |
| | 20-49 | 6 844 | 4 | 1 276 | 19 | 1 |
| | 50+ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | کۆی گشتی | 176 983 | 100 | 116 166 | 66 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | 1-4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | 5-9 | 26 989 | 48 | 11 492 | 43 | 83 |
| | 10-19 | 8 342 | 15 | 118 | 1 | 1 |
| | 20-49 | 9 970 | 18 | 75 | 1 | 1 |
| | 50+ | 10 947 | 19 | 2 139 | 20 | 15 |
| | کۆی گشتی | 56 248 | 100 | 13 824 | 25 | 100 |

شوێنی کارکردنی کارمەندان لە کەرتی بەرهەمهێنان و چۆنێتی جیاوازبوونی بەپێی دۆخی بەفەرمیبوونی یەکەکانی بزنس، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بارودۆخی کارکردنیان. زۆربەی ئەو کرێکارانەی کە ڕاپانگەیاندووە کە لە یەکەی فەرمیدا کاردەکەن، لە ناو دامەزراوەکاندا کاردەکەن، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە عێراقی فیدراڵدا. وێنەی 10 نیشان دەدات کە نزیکەی لە سەدا 97 بۆ 99 ی کارمەندانی بەرهەمهێنان کە لە کۆمپانیا فەرمیەکان لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن لە شوێنی جێگیر (لە شوێنی بازرگانی، ئۆفیس، کارگە، شوێنی جێگیر یان شوێنی کارکردن) کاردەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییەی کە نەبوونی ڕوومالْکردن تەنانەت لەنێو ئەو کەسانەی کە لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا کاردەکەن گشتگیرە (بڕوانە وێنەی 8)، ئەم دەرەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە پابەند نەبوون لە لایەن خاوەنکارەکانەوە لەوانەیە بۆ لاوازی توانای جێبەجێکردنی یاسا و پشکنینی کار بگەڕێتەوە، چونکە ئەم کارمەندانە لەناو دامەزراوە فەرمیەکاندا کاردەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا ڕووماڵ نەکراون. ئەوەی جێگای سەرنجە، پشکێکی بەرچاو لەو کرێکارانەی کە ڕاپانگەیاندووە کە لە کۆمپانیای نافەرمیدا کاردەکەن (کە لە سەدا 66 ی کارمەندان لە عێراقی فیدراڵ و لە سەدا 25 ی کارمەندانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە) ئەوانیش ئاماژەیان بەوە داوە کە لەناو دامەزراوەکانیاندا کار دەکەن، بەڵام بەڕادەیەکی کەمتر لە هاوتاکانیان ئەوانەی لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا کاردەکەن. وێنەی 10 ئەوە نیشان دەدات کە لە سەدا 88 و لە سەدا 64 ی ئەو کارمەندانەی کە لە کۆمپانیای نافەرمی لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن بەم ڕیزبەندییە لە ناو دامەزراوەکان یان لە شوێنە جێگیرەکاندا کاردەکەن. بەڵام کارمەندانی کۆمپانیا نافەرمیەکان ئەگەری زیاتریان هەیە لە دەرەوەی دامەزراوەکان کار بکەن بە بەراورد بە کارمەندانی کۆمپانیا فەرمیەکان – ئەمە زیاتر لە هەرێمی کوردستان وابوو (لە سەدا 33) بە بەراورد بە عێراقی فیدراڵ (لە سەدا 12). بەزۆری گەیشتن بە کرێکاری کۆمپانیا نافەرمیەکان کە لە دەرەوەی دامەزراوە جێگیرەکان کاردەکەن قورسترە و ئەگەری ئەوەی کۆمپانیاکان لەلایەن دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە بپشکنرێن زۆر کەمە


◄ وێنــەی 9 ئــەو شــوێنانەی کارمەندانــی بەرهەمهێنــان کاری لێدەکــەن (دابەشــبوون بــە %)، بەپێــی دۆخــی فەرمیبوونــی کۆمپانیــا و بەپێــی ناوچەکــە، کەرتــی تایبــەت




المصدر: من إعداد الباحثين، استنادًا إلى مسح القوى العاملة في العراق للعام 2021

کارمەندانــی کەرتــی بەرهەمهێنــان تێکرای تەمەنیــان 31 ســاڵە (بڕوانــە وێنــەی 9) کــە تەمەنیــان کەمێك لــە هاوتاکانیان لــە کەرتــی بیناســازی لــە عێراقــی فیدراڵدا (29 ســاڵ) زیــاترە، بــەڵام لــە هاوتاکانیــان لــە کەرتــی بیناســازی لــە هەرێمــی کوردســتاندا گــەنجترن ( تەمەنــی 33 ســاڵە). بــەڵام بــە بــەراورد لەگــەڵ دۆخــی تری کار لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا، واتــە ئــەو کەســانەی کــە خــاوەنکاری خۆیــانن کــە دووەم گــەورەترین پشــکی کەرتەکــە پێکدەهێنن دوای کارمــەندان (بڕوانــە وێنــەی 4)، کارمــەندان زۆر گــەنجترن. ئەوانــەی خــاوەنکاری خۆیــانن بــە تێکڕا تەمەنیــان لــە عێراقــی فیدراڵدا 40 ســاڵە و لــە هەرێمــی کوردســتاندا تەمەنیــان 37 ســاڵە

◄ وێنەی 10. تەمەنی کارمەندانی کەرتی بەرهەمهێنان (تێکرا)، کەرتی تایبەت



هەرچەندە لە سەدا 69 ی کارمەندانی بەرهەمهێنان لە عێراقی فیدراڵ و لە سەدا 59 ی کارمەندانی کەرتی بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستاندا خوێندنی سەرەتایی یان هیچ خوێندنێکیان نییە، بەڵام کارمەندانی کەرتی بەرهەمهێنان خوێندەوارترن لە کرێکارانی دوو پیشەکەی تر (کشتوکاڵ و بیناسازی). ئەمە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بەرچاوترە وەک لە عێراقی فیدراڵ، بەو پێیەی لە سەدا 24 ی کارمەندان خوێندنی ناوەندیان هەیە، لە سەدا 6 خوێندنی ئامادەیی و لە سەدا 11 خوێندنی زانکۆیان هەیە (بڕوانە خشتەی 4). بەڵام پێناچێت نافەرمیبوون بەپێی ئاستی خوێندن بگۆڕێت

### ◄ خشتەی 4. پێکهاتەی خوێندن و ڕێژەی نافەرمیبوون بەپێی ئاستی خوێندن

| هەرێم | دابەشکردنی کۆی کرێکاران (%) | دابەشکردنی کرێکارانی نافەرمی (%) | ڕێژەی نافەرمی (%) |
|---|---|---|---|
| عێراقی فیدراڵی | | | |
| بڕوانامە نییە، نەخوێندەوار | 6 | 6 | 100 |
| هیچ بڕوانامەیەک نییە، تەنیا دەتوانێت بخوێنێتەوە یان دەتوانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت | 36 | 36 | 99 |
| سەرەتایی | 27 | 27 | 100 |
| ناوەندکار | 18 | 18 | 100 |
| قۆناغی لاوەکی | 7 | 7 | 100 |
| زانکۆ و سەرووتر | 6 | 6 | 97 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | | |
| بڕوانامە نییە، نەخوێندەوار | 10 | 10 | 100 |
| هیچ بڕوانامەیەک نییە، تەنیا دەتوانێت بخوێنێتەوە یان دەتوانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت | 28 | 27 | 94 |
| سەرەتایی | 21 | 21 | 100 |
| ناوەندکار | 24 | 24 | 100 |
| قۆناغی لاوەکی | 6 | 6 | 100 |
| زانکۆ و سەرووتر | 11 | 12 | 100 |
| کۆ | 100 | 100 | 98 |

سەرچاوە: خەمڵاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار

کارمەندانــی کەرتــی بەرهەمهێنــان بــەزۆری کاتژمێری زیــاتر لــە دوو گروپەکــەی تری تویژینــەوە لــە بواری بیناسـازی و کشتوکاڵدا کاردەکەن. کارمەندانــی کەرتـی بەرهەمهێنـان (کـە کاری نافەرمییـان هەیـە، چونکـە زۆرینـەی ڕەهـای کرێکاران پێکدەهێنن) لـە عێراقــی فیدراڵدا بــە تێکڕا 48 کاتژمێر لــە هەفتەیــەکدا کاردەکــەن، تەنانــەت 51 کاتژمێر لــە هەفتەیــەکدا لــە هەرێمــی کوردستــاندا (بڕوانــە خشتــەی 5). ئەمــەش درێژترین ژمــارەی کاتژمێری کارە لــە هەفتەیــەکدا لــە سەرانســەری ســێ کەرتەکــەدا، دواتر بیناســازی دێت لــە هەرێمــی کوردستــاندا (46 کاتژمێر لــە هەفتەیــەکدا)، بیناســازی لــە عێراقــی فیدراڵدا (40 کاتژمێر لــە هەفتەیــەکدا)، و کەرتــی کشتوکاڵ لــە هەرێمــی کوردستــاندا (39 کاتژمێر ) و عێراقــی فیدراڵ (26 کاتژمێر)

◄ خشــتەی 5. تێکــڕای کاتژمێرەکانــی کارکردنــی ئاســایی لــە هەفتەیەکــدا، کارمەندانــی بەرهەمهێنــان، کەرتــی تایبــەت، ڕووپێــوی هێــزی کار 2021

| | کۆ | ئەو کەسانەی کە کاری سەرەکی نافەرمییان هەیە |
|---|---|---|
| عێراقی فیدراڵی | 48 | 48 |
| هەرێمی کوردستان | 51 | 51 |

سەرچاوە: خەمڵاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار

تێکڕای مووچــەی مانگانــەی کرێکارانــی بەرهەمهێنــان تاڕادەیــەك زیــاترە، بــە تایبــەت بــە بــەراورد لەگــەڵ هاوتاکانیان کــە کرێکارانــی بیناســازین. ئەمــەش بــەوە نیشــان دەدرێت کــە ڕێژەیەکــی کەمــی کارمەندانــی کــەم داهــات لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا (لــە ســەدا 52.6) هەیــە بــە بــەراورد بــە کەرتــی بیناســازی (لــە ســەدا 72.4) (CSO و ئەوانــی تر 2022). تێکڕای مووچــەی مانگانــە لــە هەرێمــی کوردستــاندا زیــاترە بــە بــەراورد بــە عێراقی فیدراڵ. خشتــەی 6 ئەوە نیشــان دەدات کــە لــە عێراقــی فیدراڵدا تێکڕای مووچــەی مانگانــەی کارمــەندان 419,099 دینــارە (بۆ کرێکارانــی نافەرمــی)، کــە لــە ســەدا 20 زیــاترە لــە ئاستــی کــەمترین مووچــە کــە 350 هــەزار دینــارە و لــە هەرێمــی کوردستــاندا دەگاتــە 546,661 دینــار، کــە لــە ســەدا 56 لــە کــەمترین مووچــە زیــاترە. ئــەم تێکڕای مووچــەی مانگانەیــە بــە شێوەیەکــی بەرچــاو زیــاترە، بۆ نموونــە، لــە مووچــەی کرێکارانــی بیناســازی. بــەڵام بــەهۆی کاتژمێری کاری تاڕادەیــەك درێژەوە، مووچــەی کاتژمێری کرێکارانــی بەرهەمهێنــان لــە عێراقی فیدراڵدا دادەبەزێتــە خوار بــەراورد بــە هاوتاکانیــان لــە کەرتــی بیناســازیدا. بۆ نموونــە لــە عێراقــی فیدراڵدا، مووچــەی کاتژمێرێك لــە کەرتــی بەرهەمهێنــان 8,774 دینــارە (کــە کــەمترە لــە مووچــەی کاتژمێری کرێکارانــی بیناســازی کــە 9,367 دینــارە). بــەڵام مووچــەی کاتژمێرێکــی کارمەندانــی بەرهەمهێنــان لــە هەرێمــی کوردستــاندا زۆر زیــاترە (10,773 دینــار) لــە چــاو هاوتاکانیــان لــە کرێکارانــی بیناســازی کــە 6 هــەزار و 740 دینــارە، هەروەهــا بــە بــەراورد لەگــەڵ هاوتاکانیــان لــە عێراقــی فیدراڵدا. ئــەم مووچــە بــەرزەی کاتژمێرێك لــە هەرێمــی کوردستــاندا ڕەنگــە لــە قەبــارەی جیــاوازی کۆمپانیاکانــی بەرهەمهێنــان لــە نێوان هــەردوو ناوچەکــەدا ڕەنــگ بداتــەوە. کەمــی داهاتــی مووچــەی کاتژمێری لــەم کەرتــەدا، بەتایبەتــی لەنــاو کارمەندانــی بەرهەمهێنــان لــە عێراقــی فیدراڵدا، خۆی وەك ئاستەنگێکــی گــەورە دەنوێنێت لەبــەردەم هێنانــەدی بەشداریکردنــی بــەردەوام لــە پلانەکــەدا، چونکــە زۆر جــار کرێکاران دەبێت پێداویستییــە دەستبەجێیــەکان لــە پێشینــەی کارەکانیــاندا دابنێن نــەك سوودەکانــی داهــاتوودا. هەروەهــا، ڕەنگــە خــاوەنکاران بــەشداریکردن بۆ ئــەو کرێکارانــە بــە گرانتر بزانن کــە داهاتیــان کــەمترە

### ◄ خشتەی 6. تێکڕای مووچەی مانگانە و کاتژمێریی کارمەندانی بیناسازی (بەهای ناوەکی بە دینار)، ڕووپێوی هێزی کار 2021

| تێکڕای مووچەی کاتژمێریک بە دیناری عێراقی | کاتی کارکردنی ئاسایی/هەفتە | تێکڕای مووچەی مانگانە بە دیناری عێراقی | | |
|---|---|---|---|---|
| 9 283 | 49 | 451 799 | کۆ | کۆ |
| 9 225 | 49 | 448 608 | ئەو کەسانەی کە کاری سەرەکی نافەرمییان هەیە | |
| 10 873 | 51 | 552 374 | کۆ | هەرێمی کوردستان |
| 10 773 | 51 | 546 661 | ئەو کەسانەی کە کاری سەرەکی نافەرمییان هەیە | |
| 8 774 | 48 | 421 105 | کۆ | عێراقی فیدراڵی |
| 8 737 | 48 | 419 099 | ئەو کەسانەی کە کاری سەرەکی نافەرمییان هەیە | |

بە کورتی، کەرتی بەرهەمهێنان سێیەم گەورەترین کەرتی کارە لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا کە لە سەدا 8 ی هەلی کار لە کەرتی تایبەتدا پێکدەهێنێت. لە سەدا حەفتا و چواری کار لە ناوچە شارییەکانە و لە عێراقی فیدراڵدا زیاتر لە بەغداد و سەلاحەدین و نەینەوا و نەجەف چڕ بووەتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە سلێمانی و هەولێر چڕ بووەتەوە. لە کەرتی تایبەتدا، گروپی توێژینەوەی ئەم ڕاپۆرتە – کرێکارانی بە مووچە – نوێنەرایەتی نیوەی هێزی کاری بەرهەمهێنان دەکەن، کە دەکاتە لە سەدا 53 لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا. زۆربەی گروپی توێژینەوەکە لە پیاوان پێکهاتوون کە زیاتر لە سەدا 95.5 ی کۆی گشتی پێکدەهێنن. سەرەڕای باڵادەستی پیاوان، کەرتی بەرهەمهێنان دووەم گەورەترین کەرتە بۆ ژنان، هەرچەندە وەك کرێکاری بە مووچە نییە (لە سەدا 1.5)، بەڵکو وەك کرێکاری خاوەنکاری خۆی (لە سەدا 28.3)، کە لە هەرێمی کوردستاندا چڕبوونەوەی ژنان زیاترە لە چاو عێراق فیدراڵ. پیشەی سەرەکی هێزی کاری بەرهەمهێنان بریتییە لە "پیشەسازی و پیشەی پەیوەندیدار" (لە سەدا 68)، و دوای ئەویش "کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان و کۆکەرەوەکان" (لە سەدا 12)

نەبوونی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ناو کرێکارانی بە مووچەدا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا گشتگیرە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێناندا زیاتر لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا کار دەکەن لە چاو ئەوانەی لە کەرتی بیناسازیدان. نزیکەی سێ لەسەر چواری کرێکارانی بە مووچە لە هەرێمی کوردستاندا لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا دامەزراون (لە سەدا 75) و ئەو ڕێژەیە لە عێراقی فیدراڵدا یەك لەسەر سێیە (لە سەدا 33). ئەمە ئەوە دەردەخات کە کێشەی پابەندبوون بە یاسا (لەلایەن خاوەنکارەکانەوە بەوەی کرێکارە ئاساییەکان ناو تۆمار بکەن) هۆکارێکی گرنگە بۆ نەبوونی ڕووماڵکردنی ئەم گروپەی توێژینەوە. ئەم جۆرە کێشەی پابەندبوونانە لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر دیارە وەك لە عێراقی فیدراڵدا. لە هەرێمی کوردستاندا کۆمپانیا فەرمییەکان بەربڵاوتر بوون، بەڵام کەمی ڕووماڵکردن بەربڵاوە. سەبارەت بە قەبارەی کۆمپانیاکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان گەورەترن لە کۆمپانیاکانی عێراقی فیدراڵ، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەفەرمیبوون لە ناو یەکە بزنسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

کرێکارانی مووچەی بەرهەمهێنان بە تێکڕا گەنجترن (31 ساڵ) لە گروپەکانی تری کرێکاران، وەك کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان، کە تەمەنیان لە نێوان 37 بۆ 40 ساڵدایە. ئەوەی جێگای سەرنجە، کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێناندا کەمێك خوێندەوارترن لەوانەی کەرتەکانی تری (کشتوکاڵ و بیناسازی)، هەرچەندە چڕبوونەوەیەکی گرنگی کرێکارانیش هەیە کە خوێندنیان سەرەتاییە یان نەخوێندەوارن. کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێناندا بەزۆری کاتژمێری زیاتر کاردەکەن لە چاو ئەوانەی لە دوو کەرتەکەی تردا کاردەکەن. لە کۆتاییدا، هەرچەندە مووچەی مانگانەی کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێناندا بە تێکڕا تاڕادەیەك

زیاترە، بە بەراورد لەگەڵ هاوتاکانیان لە کەرتی بیناسازیدا، بەڵام جیاوازییەکی گرنگ لە مووچەی کاتژمێرێکدا هەیە، کە لە عێراقی فیدراڵدا زۆر کەمترە، هەم بە بەراورد لەگەڵ مووچەی کەرتی بیناسازی هەم لەگەڵ ئەوانەی هەرێمی کوردستاندا

بەشی داهاتوو دەرەنجامەکانی شیکاری چۆنایەتی لەسەر ئاستەنگەکانی کرێکارانی مووچەی بەرهەمهێنان تاوتوێ دەکات، دیدگای خاوەنکارەکان دەخاتە ڕوو سەبارەت بە بڕیاری ناو تۆمارکردنی کرێکارەکانیان، و سنوورداربوونی ئابووری و کات کە کاریگەرییان لەسەر توانای کارمەندانی بەرهەمهێنان هەیە بۆ بەشداریکردنی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، وەکو تێکڕای مووچە و خراپی بەردەستبوونی کات بۆ ناو تۆمارکردن، بە لەبەرچاوگرتنی کاتژمێرە درێژەکانی کارکردنیان

# 4

# دەرەنجامە چۆنایەتییەکان

# دەرەنجامە چۆنایەتییەکان

ئـەم بەشـە بـەدواداچوون بۆ ئـەو ئاڵنگارییـە سـەرەتاییانە دەکات کە ڕووبـەڕووی کرێکارانی نافەرمـی – چ خاوەنکاری خۆی بێت یـان کارمەندانـی بەمووچـە – لـە کەرتـی بەرهەمهێنـاندا دەبنـەوە لـە کاتـی نـاو تۆمـارکردن لـە دەستەبـەری کۆمەڵایـەتیدا. تێڕوانینـەکان لـە چاوپێکەوتنـی جۆراوجۆر و گـفتوگۆی گروپـی فۆکـەس وەرگیراون لەگـەڵ کرێکاری خـاوەنکاری خۆی، کارمـەندی بـە مووچـە، خـاوەنکاران، نوێنەرانـی دەستـەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی، سـەندیکا و ڕێکخراوەکانی خـاوەنکاران لـە بـەغداد، بـەسرا، هـەولێر و دهۆك

## 1.4. تێبینی لەسەر نموونە وەرگرتن و ڕێبازی توێژینەوە

شیکاری چۆنایەتـی پشتـی بـە گـفتوگۆی گروپـی فۆکـەس بـەستوە (دوو لـە بـەغداد لـە عێراقـی فیدراڵ؛ یـەك لـە هـەولێر و دهۆك لـە هەرێمـی کوردستـان) و چاوپێکەوتنـی قووڵـی تاکەکەسـی (IDI) لەگـەڵ کارمەندانـی بـە مووچـە و کرێکارانـی خـاوەنکاری خۆیـان لـە کەرتـی بەرهەمهێنـاندا (هـەشت لـە بـەغداد و بـەسرا ؛ شـەش لـە هـەولێر و دهۆك). تـەواوکاری بۆ شیکارییەکـە کرا بـە نۆ چاوپێکەوتنـی سـەرەکی زانیـاریدەر (KII) لەگـەڵ نوێنەرانـی یەکێتیی سـەندیکاکانی عێراق، لیژنـەی کار لـە پەرلەمـان، کاربەدەستانـی بـاڵای وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە عێراقـی فیدراڵ و ڕاوێژکارێکـی یاسـایی و هـەشت چاوپێکەوتنـی زانیـاریدەری سـەرەکی لەگـەڵ ئەندامێکـی لیژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە پەرلەمـان، جێبـەجێکاران و بەرپرسـانی حکومـەت لـە وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتی، نوێنـەری ڕێکخراوەکانـی کرێکاران (یەکێتـی گشتـی سـەندیکاکانی کرێکارانـی کوردستـان و سـەندیکای بازرگانـی و پیشەسـازی هـەولێر)، و شـارەزایەکی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە هەرێمـی کوردستـان. کاری مەیدانـی لـە نێوان تشرینـی دووەمـی 2023 و کانونـی دووەمـی 2024 ئەنجـامدراوە. تایبەتمەندییـە دیمۆگرافییەکانـی بەشداربووانـی توێژینەوەکـە لـە خشتـەی پـاشکۆی 5 دا نیشـان دراون

دەرەنجامەکانـی داتـا چۆنایەتییـەکان لـە عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردستـاندا بـە جیـا پێشکـەش نـەکراون. بۆ پاڵپشتیکردنـی دەرەنجامـەکان، بەڵگـە و وتـەی هـەر دوو کۆمەڵـە داتـا تایبەتەکانـی ناوچەکـە تـا ئـەو جێگایـەی لـەتواندا بوو بێت بـەکارهێنراون. بـەڵام هـەندێك جـار یـەکخراون بۆ ئـەوەی بـاشتر تیشك بخەنـە سـەر بـەراوردکاری نێوان دۆخـی کرێکارانـی بەرهەمهێنانـی نافەرمـی لـە عێراقـی فیدراڵ و لـە هەرێمـی کوردستـاندا. کاتێك کـە دەرەنجامـەکان بـە شێوەیەکـی گشتـی پێشکـەش دەکرێن، ئـەوە مانـای ئەوەیـە کـە هـەم ناوچـەی جوگرافـی و هـەم دەسـەڵاتی ئـەو ناوچەیـە دەگرێتـەوە و بەسـەریاندا جێبەجـێ دەبێت

## 2.4. ئاستەنگی سەرەکی بۆ ناو تۆمارکردن لە ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

کرێکارانـی خـاوەنکاری خۆیـان لـە کەرتـی بەرهەمهێنـاندا بـێ ئاگاییەکـی زۆریـان دەربڕی سـەبارەت بـە دەستپێشخەرییەکانـی حکومـەت بۆ فراوانکردنـی ڕووماڵـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بۆ ئـەوەی کەرتـی نافەرمـی بگرێتـەوە. هەستێکـی ئاسـایی لـە چاوپێکـەوتنێکدا بینرا، کـە کرێکارێك ڕایگەیـاند

> من ئـاگاداری هیـچ دەستپێشخەرییەکـی حکومـەت نیم بۆ فراوانکردنـی ڕووماڵـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە کەرتـی نافـەرمیدا
>
> چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، کرێکاری بەرهەمهێنان، بەغداد

هەندێکی تر باسیان لەوە کرد کە هیچ هەواڵێکیان لەبارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی تۆمارنەکراو / نافەرمی نەبیستووە. ئەم کەمی زانیارییە یەکێکە لەو بەربەستە سەرەکییانەی کە ڕێگری لە کرێکاران دەکات کە بیر لە ناو تۆمارکردن بکەنەوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی. چاوپێکەوتنی زانیاریدەرێکی سەرەکی لە بەغداد دانی بەوەدانا کە ڕووبەڕووی کێشەی هۆشیاری بوونەتەوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش پێشنیاری ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کرد

---

> داوای تەرخانکردنی دارایی کرا بۆ هەڵمەتێکی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە یاسا نوێیەکە. ئێمە لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی-بەغداد) باسمان لەوە کرد. ئێمە بە خۆمان لە بنەڕەتدا هەڵمەتی [دابەشکردنی] بڵاوکراوە و نامیلکە و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیمان هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك، بەڵام بەدوای زیاتردا دەگەڕێین. دیدگایەکمان هەیە کە لە هەموو شەقامێکی بەغداد و پارێزگاکانی دیکەدا نیشانەیەکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و تابلۆی ئاگاداری و شاشەی وێنە لەسەربانی باڵەخانەکان و ناوچە دوورەکاندا هەبێت. تاکە ڕێگە کە ئێمە بگەینە ئەوان لە ڕێگەی میدیاوەیە

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغداد

هەمان دۆخ لە هەرێمی کوردستانیش باس کرا. چاوپێکەوتنی زانیاریدەرێکی سەرەکی لە دهۆك ئەرکەکەی خستە ئە ستۆی حکومەت کە لەم بارەیەوە هەنگاو بنێت:

---

> حکومەت پێویستە ئاستی هۆشیاری کرێکاران و کۆمەڵگا بەرز بکاتەوە سەبارەت بە مافەکانی کرێکاران و سوودەکانی ڕوومانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، شارەزا لە بواری سەندیکای کرێکاران [بە ئەزموونی 25 ساڵ]، دهۆك

**ئاستەنگەکانی ناو تۆمارکردن:** کرێکاران پێشنیار دەکەن "سەنتەری تۆمارکردنی زیاتر لە هەموو قەزا و ناحیەیەکدا (دەسەڵاتی ناوخۆیی) دابمەزرێنرێت بۆ ئاسانکاری تۆمارکردنی کرێکاران. بە شێوەیەکی گشتی، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە چۆن پاڵپشتی کرێکاران بکرێت لە ناونووسین و تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی". کرێکارێکی سەربەخۆ لە گەڕەکی ئەلسەیدیە سەر بە ناوچەی ڕەشید لە بەغداد گوتی: "ئەم سەنتەرانە دەتوانن لە تۆمارکردنی ئۆنلاینیشدا پاڵپشتی بکەن، چونکە مەرج نیە هەموو کرێکارەکان خوێندەواری کۆمپیوتەریان هەبێت." هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرەنجامە چەندایەتییەی کە کرێکارانی بەرهەمهێنان لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و کرێکارانی بە مووچە و کارمەندان و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان کاتێکی زیاتر کار دەکەن بە بەراورد بە هاوتاکانیان لە کەرتی کشتوکاڵ و بیناسازیدا، دابینکردنی سەنتەری گەڕۆکی تۆمارکردن کارێکی پێویستە. ئەم سەنتەرە گەڕۆکانە دەتوانن بگەنە کرێکارانی بەرهەمهێنان لە شوێنی کارەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی کرێکارانی بەرهەمهێنان شوێنی کارکردنی دیاریکراویان هەیە، وەك لە بەشی سێیەمدا پشتڕاست کراوەتەوە، و دەتوانن ئاستی ناو تۆمارکردن بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکەن و یارمەتیدەر بن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتانەی کە خاوەنکارە فەرمیەکان خۆیان لە تۆمارکردنی کارمەندەکانیان دەدزنەوە. پێشنیارێکی تر ئەوەیە کە دەوامی کارکردنی سەنتەرەکانی تۆمارکردن گونجاوتر یان زیاتر بکرێت، یان یەك دوو ڕۆژ لە کۆتایی هەفتە لە هەر مانگێکدا دەوام کراوەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە کرێکاری زیاتر بدرێت کە کاتی کارکردنی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە بتوانن ناوی خۆیان تۆمار بکەن

نیگەرانـــی دارایـــی و گونجـــاوی ئـــابووری: کۆتـــە ئابوورییـــەکان ڕۆڵێکـــی گرنـــگ دەگێڕن لـــە بڕیـــاردان بۆ نـــاو تۆمـــارکردن لـە دەستەبـــەری کۆمەڵایـەتیدا. کرێکارانـی خـاوەن داهاتـی سنووردار نایانـەوێت بـەشێك لـە داهاتەکانیـان بۆ دەستەبـــەری کۆمەڵایەتـــی تەرخـــان بکـــەن، بـــەهۆی نادڵنیایـــی لـــە گەڕانـــەوەی وەبەرهێنانەکانیانـــەوە

> من بـە داهاتێکـی کـەم کاردەکـەم. نـاتوانم ئـەو مەترسییـە بگرمـە ئـەستۆ کـە چـەند سـاڵێك لـە داهاتـی مانگانـەم پـارە بدەم، کـێ گەرەنتـی ئـەوە دەکات کـە بتوانم پارەکـەم وەربگرمـەوە؟

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی6-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەسرا

**کێشـەی متمانـە**: متمانـەکردن بـە حکومـەت کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر ئامادەیـی کرێکاری خـاوەنکاری خۆی و کارمـەندی بـە مووچـە لـە کەرتـی بەرهەمهێنـاندا دەبێت بۆ تۆمـارکردن بۆ دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی. هـاوشێوەی دوو کەرتەکـەی تر، کرێکاران و خـاوەنکاران لـە کەرتـی بەرهەمهێنـاندا لـەو بـاوەڕەدان کـە متمانـە بـە حکومـەت ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێت لـە فراوانکردنـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی، بەڵگـەش ئەوەیـە کرێکاران دوودڵن لـە بـەشداریکردن چونکـە متمانەیـان بـە بەرنامەکـە نییـە. بۆ زیادکردنـی متمانـە، زۆر گرنگـە بۆ دەزگاکانـی حکومـەت ئاستـی شـەفافیەت بـەرز بکەنـەوە و سوودەکانـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە ڕێگـەی پەیوەندیگرتنـی کاریگـەر و جێبەجێکردنـی گونجـاوی کارگێری و بەڕێوەبردنـی سوودەکانـەوە دەربخـەن. دەزگا متمانـەپێکراوەکان، بـە تایبەتـی ئەوانـەی پێشینـەی بـاوەڕپێکراو و شـەفافیان هەیـە، دەتوانن ڕۆڵێکـی سـەرەکی بـگێڕن لـە جێبەجێکردنـی بەرنامـە فراوانکراوەکانـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی. (چاوپێکەوتنـی قووڵـی تاکەکەسـی2-، کرێکاری خـاوەنکاری خۆی لـە کەرتـی بەرهەمهێنـان، هـەولێر)

نەبوونـی متمانـە لـە ترسـی ناکارایـی و گەندەڵـی و نەبوونـی سوودی دیـار لـە دەستپێشخەرییەکانـی پێشووی حکومەتـەوە سـەرچاوە دەگرێت

> کاتێك قەناعەتمان بێت و متمانەمان بە حکومەت هەبێت، ناومان تۆمار دەکەین

بەشداربووی گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کارمەندانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

ئـەم هەستـە لـە گـفتوگۆ جۆراوجۆرەکاندا دەنگـی دایـەوە، ئەمـەش ئامـاژە بـە نیگەرانییەکـی بـەرفراوان دەکات سـەبارەت بـە متمانەپێکراویـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی کـە حکومـەت بـەڕێوەی دەبـات. هـەموو ئەوانـەی چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵدا کراوە، بـێ جیاوازی، دەڵێن کـە کێشـەی متمانـەکردن بـە دامەزراوەکانـی حکومـەت هۆکاری سـەرەکییە بۆ تۆمـار نـەکردن لـە دەستەبـەری کۆمەڵایـەتیدا. پێنـاچێت بەهـای سوودەکان و پابـەندبوون بـە پێدانـی پـارەی بـەشداریکردن ڕۆڵێکـی ئەوتۆیـان هـەبێت. لەگـەڵ ئـەوەشدا، کارمەندانـی خـاوەنکاری خۆیـان و کارمەندانـی بـە مووچـە لـە کەرتـی بەرهەمهێنانـی نافـەرمیدا پێویستیـان بـە زانیـاری زیـاتر هەیـە سـەبارەت بـە سوود و ڕێکارەکانـی تۆمـارکردن

> لـەڕاستیدا نـازانم چۆن و لـە کوێ و کـەی نـاوم تۆماربکـەم، چـەند پـارە بدەم و شێوازی نـاو تۆمـارکردن چۆنـە، کەواتـە چۆن نـاوم تۆمـار بکـەم؟

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی4-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

هەروەها گەندەڵی و واستەکاری لەناو وەزارەتەکانی حکومەتدا متمانەی تۆمارکەرانی پێشبینیکراو تێکدەدات، لەگەڵ نەبوونی هۆشیاری لەبارەی ماف و شایستەییەکانی کار. کارمەندانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان ترسیان هەیە لەوەی ئەگەر واستەیان نەبێت، ئەوا لە کاتی پرۆسەی تۆمارکردندا، هاوکاری پێویستیان لەگەڵدا نەکرێت

> هیچ فەرمانبەرێکی حکومی نییە بتوانێت لە پێداویستییەکانم تێبگات و دابینیان بکات. هەروەها فەرمانگەکان قەرەباڵغن، هەر فەرمانبەرێك هاوکاری ناسیاو و کەسوکاری خۆی دەکات، کەسیش هاوکاری من ناکات
>
> (بەشداربوویەکی گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کارمەندانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

لە ڕاستیدا، کارمەندانی بە مووچە دەبێت لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە تۆمار بکرێن، نەك خۆیان ئەو کارە بکەن. ئەمەش نەبوونی هۆشیاری کرێکاران لە ماف و شایستە کرێکارییەکانیان دەردەخات. لەگەڵ ئەوەشدا، گومانی کرێکاران هەر بە دروستی دەمێنێتەوە چونکە لەوانەیە دواتر تووشی کێشە ببن لە دەستگەیشتن بە سوودەکانی دەستەبەری.

چاوپێکەوتنێکی زانیاریدەری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان هەمان ترسەکانی دووپاتکردەوە. نیگەرانی ئەوە هەیە کە زۆرجار وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی گەندەڵی و دەستێوەردانی سیاسیەوە چاوپۆشی لە پێشێلکارییە زۆرەکانی خاوەنکار دەکات. هەروەها خاوەن بزنسە بچووکەکان لە کەرتی بەرهەمهێناندا دەتوانن کارمەندە بەمووچەکانیان لە تۆمارکردنی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆرەملێدا سارد بکەنەوە. لە کاتێکدا کە گفتوگۆکارانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی ڕۆشناییان نەخستە سەر ئەو سوودە وردانەی کە بەڵێن بە کرێکاران دەدرێت لەبری ناو تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە کرێکاران بە زیادکردنی کەمێك لە مووچەیەکەیان ڕازی بکرێن دەستبەرداری مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆیان بن، یان هەڕەشەی دەرکردنیان لێبکرێت. سەرباری ئەوانەش، کارمەندانی بە مووچە خۆیان هەندێك جار خۆیان لە پابەندبوون بە یاساکە بەدوور دەگرن، داوا لە خاوەنکاران دەکەن کە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆرەملێدا تۆماریان نەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە لێبڕینی لە سەدا 5 لە داهاتی مانگانەیان بەدوور بگرن. ئەمەش ڕەنگە بەهۆی تێنەگەیشتن لە سوودەکانی ناو تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێت یان لەبەر نەبوونی توانای پێدانی بەشدارییەکان لە لایەن کرێکارانەوە، یان هەردووکیان بێت (بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی2-، سەندیکاکانی بازرگانی و پیشەسازی، هەولێر)

> ڕێکارەکان قورسن و ئێمە بەدەست قەرەباڵغییەکی زۆرەوە دەناڵێنین
>
> بەشداربوویەکی گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

**ئاڵۆزی پرۆسەی تۆمارکردن:** ئاڵۆزی بیرۆکراتی و سروشتی کات بەفیڕۆدانی پرۆسەکانی تۆمارکردن، کۆسپی سەرەکین لەبەردەم کرێکاراندا

باشترکردن، ڕێکخستن و سادەکردنی ئەم پرۆسانە، ڕەنگە پێویستی بە ئۆتۆماتیکیکردن و دیجیتاڵکردن لە هەردوو لایەنی بەکارهێنەری خزمەتگوزاری و دابینکەری خزمەتگوزاری هەبێت، وە وا بکرێت زیاتر دۆستانە بێت بۆ کرێکاران، لەوانەیە ڕێژەی بەشداریکردن زیاد بکات

هەندێك لە کارگە قەبارە بچووك و مامناوەندەکان بە نۆرەی شەوانە کار دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە چاودێریکردنی ئەو کرێکارانە زەحمەت بێت. لە ئەنجامدا، سەرپەرشتیکردنی کرێکارانی پیشەسازی شیفتی شەوانە زەحمەتە (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی5-، وەزارەتی کار، وەزارەتی کار، هەولێر)

**ئاڵـــگاری تایبـــەت بـــە جێندەر**: هەروەهـــا نەریتـــە کولتووری و کۆسپـــە کۆمەڵایەتییـــەکان کاریگەرییـــان لەســـەر دەستگـــەیشتن بـــە دەستەبـــەری کۆمەڵایەتـــی بۆ هـــەندێك پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتـــی، بەتایبەتـــی ژنـــان هەیـــە

> هەلومەرجـی تایبەتـی ژینگـەی ئێمـە وەك کۆمەڵـگا، ئـازادی بـە ژنـان نـادات بۆ ئـەوەی بـە تەنیـا بچنـە فەرمانگـەکانـی حکومـەت
>
> چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی3-، کارمەندی بە مووچە [ژن] لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدد

چارەســەرکردنی ئــەم بەربەستــە کەلتووریانــە گرنگــە بۆ هێنانــەدی دەستگەیشتنــی دادپەروەرانــە بــە دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی

### 3.4. کێشە سەرەکییەکانی جێبەجێکردن

ئــەم بەشــە لێکۆڵینــەوە لــەو ئاستەنگــە ســەرەکییانە دەکات کــە ڕووبــەڕووی دەزگاکانــی حکومــەت و خــاوەنکاران دەبنــەوە لــە کاتــی جێبەجێکردنــی بەرنامەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی، بەتایبەتــی لــە کەرتــی بەرهەمهێنــاندا. ئــەو تێڕوانینانــەی کــە لەلایــەن لایەنــە پــەیوەندیدارە جیاوازەکانــەوە پێشکــەش کراون، بەتایبەتــی کرێکارانــی خــاوەنکاری خۆیــان، کرێکاران و چاوپێکەوتنەکانــی زانیــاریدەری ســەرەکی، تیشك دەخەنــە ســەر ئــەو بوارە گرنگانــەی کــە پێویستیــان بــە بایــەخدان هەیــە بۆ بەرزکردنــەوەی کارایــی و کاریگــەری ئــەم بەرنامانــە

کێشــەیەکی ســەرەکی کــە خــاوەنکارەکان ئامــاژەی پێدەکــەن، نەبوونــی ڕوونــی و شــەفافیەتە لــە سیستەمــی دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا. ئەمــەش لەلایــەن کرێکارێکــی خــاوەنکاری خۆی لــە هــەولێر جەختــی لەســەر کرایــەوە

> خــەڵك لەبــارەی بەشداریکردنیــان و لــە سوودە چــاوەڕوانکراوەکان لــە کاتــی خانــەنشینبووندا تێنەگــەیشتون، بــە پێچەوانــەی وڵاتانــی دیکــە کــە سیستەمەکــە شــەفافە
>
> چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی1-، کرێکاری خاوەنکاری خۆی لە کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر

ئــەم ناڕۆشنییــە نــەك هــەر ڕێــگری لــە تێگــەیشتن دەکات، بــگرە ئامادەیــی هــەم کارمەندانــی خــاوەنکاری خۆیــان و هــەم کارمەندانــی بــە مووچــە بۆ بــەشداریکردن لــە سیستەمەکــەدا کەمدەکاتــەوە

هــاوشێوەی کەرتەکانــی تر، ڕۆڵــی داهــاتووی دیجیتــاڵکردن دەردەخــات. دیجیتــاڵکردن و ئۆتۆمــاتیککردن وەك ئاڵنگارییەکــی گــەورە و ڕێبــازێك بۆ فراوانکردنــی سیستەمــی ئێستــای دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی تەماشــا دەکرێن. پێویست بــە بوونــی سیستەمــی ئەلکترۆنــی بۆ بەڕێوەبردنــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بــە شێوەیەکــی شــەفاف و کاراتر بابەتێکــە لــە هــەموو کەرتــەکاندا دووبــارە دەبێتــەوە. مــاددەی 104 لــە یاســای نوێــی خانەنشینــی و دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کرێکارانــی کەرتــی تایبــەت ژمــارە 18 ی ســاڵی 2023 لــە عێراقــی فیدراڵ بەڕێوەبەرایەتــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ناچــار دەکات ڕێوشوێنــی دیجیتاڵکردنــی کارەکانــی دابڕێژێت. بەڕێوەبەرایەتــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــە بــەغداد پێشتر داتاکانــی بــە کۆمپیوتــەر کردووە؛ بــەڵام بەتــەواوی دیجیتــاڵ نــەکراوە و لــە داتابــەیسێك کۆ نەکراوەتــەوە، بۆ ئــەوەی لــە دوورەوە کرێکاران/بەشداربووانــی سیستەمــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــە ڕێگــەی کەناڵــە دیجیتاڵییەکانــەوە دەستیــان پێــی بــگات بۆ پشتڕاستکردنــەوە و بــەدواداچوون. پلانەکــە وایــە پــاش تەواوکردنــی دانانــی داتابەیســەکە، داتــاکان بۆ ڕووکاری ئەلکترۆنــی بــاربکرێن، کــە لــە ڕێگــەی ئینتەرنێتــەوە لــە هــەموو شوێنێك بــەردەست بن بۆ دەستگــەیشتن پێیــان، بــە بەکارهێنانــی ژمــارەی زنجیرەیــی کرێکارەکــە. هەروەهــا پێویستــە داتــاکان

باڵانسی هەژماری کرێکارەکە، ماوەی ڕاژەکەی، کۆی بەشدارییەکان و حیسابکردنی مووچەی خانەنشینی و سوودە داهاتووەکان نیشان بدەن. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغداد)

کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان و خاوەنکارەکان داکۆکی لەو پلاتفۆرمانە دەکەن کە ڕێگە بە کارمەندانی بە مووچە و بە کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان دەدات چاودێری بەشدارییەکان بکەن و بەدواداچوون بۆ سوودەکان بکەن، بەمەش متمانە لە ڕێگەی شەفافیەتەوە بەرەوپێش دەچێت. هێنانەپێشی چارەسەری دیجیتاڵی وەك چارەسەرێك بۆ چەندین پرس سەیر دەکرێت، لەوانە کەمکردنەوەی گەندەڵی و زیادکردنی شەفافیەت. جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە چۆن پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بتوانن پرۆسەکان بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاسان بکەن و قورسی پابەندبوون کەمبکەنەوە

> گواستنەوە بۆ سیستەمی دیجیتاڵی زۆر گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافیەت و کەمکردنەوەی گەندەڵی و هاندانی کرێکاران و خاوەنکاران بۆ ئەوەی لە بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن
>
> چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی1-، کرێکاری خاوەنکاری خۆی لە کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر

ئاماژە بە کەلێنێکی دیکەی کارگێڕی کە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا کرا، پەیوەندی بە ناکارایی بیرۆکراتییەوە هەبوو. کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان پرۆسە کارگێڕییەکە بە قورس و کات بەفیڕۆدەر وەسف دەکەن

> تاکەکان ڕووبەڕووی بەربەستی گەورەی بیرۆکراتی دەبنەوە، وەك بەسەربردنی ڕۆژێکی تەواو لە هێنان و بردنی نوسراو لە بەشەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە زۆرجار بریتییە لە هاتوچۆکردن لە نێوان چەندین فەرمانگە بۆ پرۆسەیەکی سادە
>
> (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی1-، کرێکاری خاوەنکاری خۆی لە کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر

ئەم بەڕێوەبردنە ناکارایە ڕێگرییەکی گەورەیە بۆ پابەندبوون و بەشداریکردن. یەکێك لەوانەی چاوپێکەوتنی نافەرمی لەگەڵدا کرا لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەولێر ڕایگەیاند:

> خاوەنکاران لە ڕۆتین بێزارن. بۆ تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کارگەیەکدا، پشکنەران دەبێت سەردانی شوێنی کار بکەن، ڕاپۆرتی شوێنی کار دروست بکەن و پاشان چاوەڕێی ئەوە بکەن کە نوسراوی داواکراو بە شێوەیەکی کرداری بگەیەنرێتە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەم پرۆسە کات بەفیڕۆدەرە بۆ خاوەنکارەکان بارێکی قورسە
>
> چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی6-، بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی - وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هەولێر

هاوشێوەی هەموو کەرتەکانی تر، ئاستەنگەکانی پەیوەست بە پابەندبوون و فشاری بەشداریکردن کاریگەری بەرچاوی لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە کەرتی بەرهەمهێناندا هەیە. خۆدزینەوەی تاکەکان لە بەشداریکردن و فشارکردنە سەر خاوەنکارەکان بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکان ئاستەنگی گەورەن. هەستکردن بە پشتگوێخستنی پێداویستییەکانی بەشداربووان متمانە بە سیستەمەکە لاواز دەکات و بەشداری چالاکانە ناهێڵێت. یەکێك لەوانەی چاوپێکەوتنی نافەرمی لەگەڵ کرا لە بەغداد ڕوونی کردەوە کە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆماری تەواوی هەموو کرێکارانی نییە لە بەرواری دەستکردن بە کارەوە هەتا کۆتا ڕۆژی کارکردن بۆ کەرتی تایبەت و نزیکەی هیچ تۆمارێکی لە کەرتی نافەرمی نییە. بە هەمان شێوە لەبەر ئەوەی هیچ گرێبەستێکی فەرمی (نووسراو) نییە، بۆ نموونە لە نێوان کارمەندانی بە مووچە و خاوەن بزنسێك یان خاوەن دوکانێك، دیاریکردنی بەرواری دەستکردن بە کار و کۆتا ڕۆژی کار سەخت دەبێت. یاسای کۆن لە عێراقی فیدراڵدا کرێکارانی نافەرمی لە ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دوورخستەوە، بەڵام یاسا نوێیەکە پلانی بیمەی ئارەزومەندانە پێشکەش دەکات. ڕەنگە بۆ کرێکارانی نافەرمی زەحمەت بێت کە ئەوە دیاری بکەن کەی دەبێت بەشداریکردنەکە بکرێت و پارەی بەشدارییەکان بدرێت، ئەگەر تۆمارکردن بە بەروارێکی پێشوو ڕێگەپێدراو بێت یان داواکراو بێت

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چۆنیەتی فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ پاڵپشتیکردنی کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکان دەربڕدرا. هەندێکیان پێیان وابوو ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زیاتر بچنە ناو کەرتی تایبەتەوە و لە کۆتاییدا بێکاری کەم دەکاتەوە. بەڵام هەندێکی تر پێیانوابوو کە بزنسە بچووکەکان لە مەترسیدان و ڕووبەڕووی کێشەی بەردەوامیی بوونەتەوە، و ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەی فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێت. زۆر لە بزنسەکان بەهۆی قەیرانی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان بزنسەکانیان دادەخەن یان کرێکاران دەنێرنەماڵەوە. ڕەنگە کۆمپانیا گەورەکان لەم قەیرانە داراییەدا بتوانن لە کارکردن بەردەوام بن بەبێ ئەوەی زیانێکی زۆریان پێ بگات، بەڵام ڕەنگە بزنسە بچووکەکان ڕووبەڕووی داخستن ببنەوە. کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکان کاریگەری نەرێنییان لەسەر دەبێت، چونکە مووچەی کرێکاران ناتوانێت بەرگەی تێچووی بەشداریکردن بگرێت. خاوەنکارەکان و کرێکارە سەربەخۆکان ئاماژەیان بە ئاستەنگەکان کردووە، بەتایبەتی لە حاڵەتی کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکاندا، وەك تێچووی بەرزی کارکردن و داهاتی نارێك، کە پێدانی بەشدارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی قورس دەکەن

> منیش ناتوانم خۆم تۆمار بکەم؛ ئەوە زۆرە بۆ من. هەندێکجار، ئێمە هیچ کڕیارمان نییە. ئەم بزنسە بە شێوەیەکی سەرەکی پێش ئاهەنگە نیشتمانییەکان و بۆنە ئاینییەکان فرۆشی بەرز بەخۆیەوە دەبینێت
>
> چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی5-، خاوەنکارە بەرهەمهێنان، دهۆك

بۆ خاوەن بزنسە بچووکەکان لە کەرتی بەرهەمهێنانی نافەرمی، هاوسەنگکردنی هاندان و تێچوونەکانی پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. گۆڕانکارییەکانی سیاسەت دەبێ سەرنج بخەنە سەر کردەوەی بەڵگەدار بۆ پشتگیریکردن لە بزنسەکان، وەك کەمکردنەوەی تێچووی کارکردن و ئاسانکاری دەستگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان یان هێنانەپێشی ڕێژەی بەشداریکردنی ئاسانتر بۆ خاوەنکار و کرێکاران. کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی تایبەت دەبنەوە لە پابەندبوون بە سیاسەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە جیاوازن لە سیاسەتەکانی کۆمپانیا گەورەکان

چارەســەرکردنی نایەکســانی لــە تێچووی کارەبــا و پێشکەشکردنــی پاڵپشتــی بۆ پیشەســازییە ناوخۆییــەکان هاندانێکــی چارەنووســازە بۆ خــاوەنکارەکان

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، خاوەنکاری بەرهەمهێنان، هەولێر

بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2- لە هەولێر لەبارەی ئەزموونی خۆی گوتی:

بەپێــی ئەزموونــی من، کۆمپانیــا بچووك و مامنــاوەندەکان زۆرجــار کەرەستــەی خــاو هــاوردە دەکــەن، ئەمــەش دەبێتــە هۆی زیادبوونــی خەرجــی. ئــەم فشــارە داراییــە، کــە بــەهۆی پێویستــی ڕووماڵکردنــی بەشدارییەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی و مامەڵــەکردن لەگــەڵ پێدانــی باجــی گومرگــی ئــاڵۆزتر دەبێت، پابەندبوونــی کۆمپانیــا بچووك و مامنــاوەندەکان بــە سیاســەتەکانی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی قورستر دەکات

IDI -2، خاوەنکاری بەرهەمهێنان، هەولێر

کێشــەی توانــای بــەردەوامبوون کــە ڕووبــەڕووی کۆمپانیــا بچووکــەکان دەبێتــەوە بەشێوەیەکــی بەرچــاو کاریگــەری لەســەر گەشــەی پێشبینیکراویــی فراوانکردنــی ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی هەیــە

من دوو هێڵــی بزنســەکەم داخست، چونکــە کڕیــار نــەبوو. پێشتر 13 کــەسم هــەبوو کــە کاریــان بۆ دەکردم، بــەڵام ئێستــا، تەنهــا دوو کــەسم هەیــە. بیهێنــە بەرچــاوت، چۆن دەتوانم بڕە پارەیەکی وا گــەورە بدەم بــە پلانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتی

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی6-، خاوەنکاری بەرهەمهێنان، دهۆك

ئامادەکارییەکانــی هەڵســەنگاندنی قازانــج و زەرەر و مەترسیەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کەرتــە نافەرمیــەکان هێشتــا لــە قۆناغــی ســەرەتاییدایە، بــەو پێیــەی بەڕێوەبەرایەتــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی هێشتــا ئاشنــای پرۆســەکە نییــە و لــە ئێستــادا لــە قۆناغــی تواناســازیدایە (چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی4-، دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی و خانەنشینــی، بــەغداد). بەشداربوویەکــی چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی1- لــە بــەغداد پێشبینــی دەکات تــا ناوەڕاستــی ســاڵی 2024 هەڵســەنگاندنی وردی قازانــج و زەرەر و مەترسیەکانــی پێدانــی دەستەبــەری ئامــادە بکرێت. بەڕێوەبەرایەتــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی وەبەرهێنانــی لــە ڕاهێنــاندا کردووە بــە دابینکردنــی تێچووی شــەش کورســی خوێندن لــە بواری ئەنجامدانــی توێژینــەوەی تایبەتمــەند لەســەر هەڵســەنگاندنی وردی قازانــج و زەرەر و مەترسیەکانــی دەستەبــەری (ماستــەر و دکتۆرا). ڕاهێنانــی کورت بۆ مــاوەی مانــگێك لــە تۆرۆنتۆی کەنــەدا لەســەر هەڵســەنگاندنی وردی قازانــج و زەرەر و مەترسیەکانــی دەستەبــەری پێشکــەش کراوە. ســەرەڕای هــەموو ئــەم دەستپێشخەرییانــە بۆ تواناســازی و هــەموو هەوڵــە بەردەوامــەکان، هێشتــا بەڕێوەبەرایەتــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــەم ڕووەوە ڕووبــەڕووی کەموکورتــی دەبێتــەوە

هەڵسەنگاندنی وردی قازانج و زەرەر و مەترسیەکانی دەستەبەری پێویستی بە کەسی پسپۆڕ هەیە، بەو پێیەی تەنها هاوکێشەیەك نییە، بەڵکو شیکارییە بۆ بارودۆخی کارکردن و داتا گشتگیرەکانی پەیوەست بە کرێکارانەوە... پێشبینی دەکەم تا ناوەڕاستی ساڵی 2024 بتوانین هەڵسەنگاندنی وردی قازانج و زەرەر و مەترسیەکانی دەستەبەری بخەینە ڕوو

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغداد

ئەو کرێکارانەی کەرتی تایبەت کە پێش ساڵی 2006 تۆمارکراون، داتاکانیان لەسەر کاغەز تۆمارکراون؛ بە شێوەی ئەلکترۆنی بەردەست نین، ئەمەش ئەرکی پشکنینی توانای پێدانی دەستەبەری ئاڵۆز دەکات. هەڵسەنگاندنی وردی قازانج و زەرەر و مەترسیەکانی دەستەبەری پێویستی بە شارەزایی هەیە چونکە تەنها هاوکێشە نییە، بەڵکو شیکاری هەموو داتاکانی پەیوەست بە بارودۆخی کارکردنی کرێکار لەخۆدەگرێت. لە ئێستادا پێگەی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی جێگیرە. هەرچەندە هەڵسەنگاندنێکی وردی مەترسی پێویستە لە کاتی پلاندانان‌دا بۆ فراوانکردنی تۆمارکردن، فراوانکردنی پۆلەکانی کرێکارانی تۆمارکراو (بۆ نمونە کرێکاری خاوەنکاری خۆی لە کەرتی بەرهەمهێنان کە لە ماڵەوە کاردەکەن) و زیادکردنی سوودی نوێ. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغداد؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی3-؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی4-؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی6-، بەغداد)

بۆ کورتکردنەوەی وەڵامەکانی ئەو پرسیارە سەبارەت بەو پرسە سەرەکیانەی ڕووبەڕووی دەزگاکانی حکومەت دەبنەوە لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، زۆربەی بەشداربووانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان، لەنێویاندا بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی7- لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هەولێر، تیشکیان خستە سەر چەند ئاڵنگارییەکی گرنگ کە کاریگەرییان لەسەر کارایی و کاریگەری سیستەمەکە هەیە

- **کەمی کارمەند:** ئەمە ئاماژە بە کەمیی سەرچاوەی بنەڕەتی دەکات کە ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی گشتی بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. بەبێ کارمەندی پێویست زەحمەت دەبێت کارەکان بەڕێوەببەیت و داواکارییەکان پرۆسێس بکەیت و خزمەتگوزاری لە کاتی خۆیدا بۆ سودمەندان دابین بکەیت.

- **نەبوونی کۆنترۆڵ و بەدواداچوون و چاودێری:** ئەم خاڵە تیشك دەخاتە سەر کەموکورتییەکان لە میکانیزمی چاودێری لەناو سیستەمدا. کۆنترۆڵی کاریگەر و بەدواداچوون و چاودێری زۆر پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کاری پشکنەر و بەرپرسانی دیکە پەیڕەوی ستاندارد و ڕێنماییەکان دەکەن و ڕێگە لە گەندەڵی یان کەمتەرخەمی دەگرن.

- **کەمی لیژنەی پشکنەر:** کەمی لیژنە پشکنەرەکان ئەوە دەگەیەنێت کە گروپی تایبەتمەند نییە کە بەشی سەرپەرشتی و وردبینی لە لایەنە جیاوازەکانی بەرنامەکە بکات. ئەم کەموکورتییە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی کەلێن لە ڕێکخستن و جێبەجێکردندا، ئەمەش وا دەکات سیستەمەکە بەرەو ڕووی هەڵە و خراپ بەکارهێنان ببێتەوە..

**نەبوونی سیستەمی حکومەتی ئەلکترۆنی:** نەبوونی ژێرخانی دیجیتاڵی وەك سیستەمی حکومەتی ئەلکترۆنی، ئاستەنگی گەورە لەبەردەم بەڕێوەبردنی داتا و پەیوەندی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دروست دەکات. سیستەمی ئەلکترۆنی بۆی هەیە پرۆسەکان ئاسانتر بکات و ڕێکیان بخات، کارە کاغەزییەکان کەم بکاتەوە، لەوانەش لە ڕێگەی هاوکاریکردنی یەکتر، و بە پاراستنی تۆماری دروست و ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە زانیاری شەفافیەت بەرز بکاتەوە

- **سەختی لە بەڕێوەبردنی زیادبوونی باری کار:** پێدەچێت ئەم بابەتە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئاستەنگەکانی

تر بێت کە باسکراون. بەهۆی کەمی کارمەند و چاودێریکردنی ناتەواو و نەبوونی سیستەمێکی ئەلکترۆنی، بەڕێوەبردنی باری کارێکی گەشەسەندوو تادێت قورستر دەبێت. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی دواکەوتن و هەڵە و دابەزینی کوالیتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

# 5

## تێڕوانینەکانی کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان، کارمەندانی بە مووچە و خاوەنکارەکان سەبارەت بە بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

# تێڕوانینەکانی کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان، کارمەندانی بە مووچە و خاوەنکارەکان سەبارەت بە بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

ئەم بەشە تێڕوانینی کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان لە کەرتی بەرهەمهێنان، کارمەندانی بە مووچە و خاوەنکاران سەبارەت بە بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی لە عێراقدا دەکۆڵێتەوە. تیشك دەخاتە سەر هەڵوێستە بگۆڕەکانی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە و لەو ئاڵنگاری و سوودانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستن بە فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی کرێکارانی نافەرمی بگرێتەوە

لە ناو ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، خاوەنکاری وا هەبوون گومانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەبوو، زیاتر وەك ئامرازێك بۆ پارە کۆکردنەوە دەیانبینی نەك سوودگەیاندن بە کرێکار و بە خاوەنکار. خاوەنکاران و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان دانیان بەوەدا دەنا کە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەردان و پشکنینی زۆر ئەنجام دەدات، بە تایبەتی ژمارەی کرێکاران دەپشکنێت. بەڵام زۆرێك لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان یان ژمارەی ڕاستەقینەی کارمەندە بە مووچەکانیان دەشارنەوە یان مووچەی ڕاستەقینەی پێدراو ئاشکرا ناکەن. کەمترین  مووچەی مانگانە 350 هەزار دینار بۆ کرێکاران جێگیر بووە. خاوەنکارێك ڕایگەیاند کە کرێکارەکانی بە کەمترین  مووچە تۆمار کردووە، نەك مووچەی ڕاستەقینە، بۆ ئەوەی کەمترین بەشداری بدات. (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، خاوەنکاری بەرهەمهێنان، هەولێر)

**کەمی هۆشیاری و کاردانەوە سەرەتاییەکان**: ئاستی زانیاری کرێکاران سەبارەت بە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سوودەکانی ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە کاریگەری خستنە سەر ئامادەییان بۆ تۆمارکردن. هەڵمەتە زانیارییەکان کە وردەکارییەکانی سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕوون دەکەنەوە لەوانەیە ڕێژەی بەشداریکردن بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی بە مووچە تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا بە چەمکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاشنا بوون، ئەمەش لە لێدوانەکانیاندا دەردەکەوێت

> تاوەکو کرێکاران زیاتر بزانن و زانیاری زیاتریان هەبێت لەسەر پلانی (پلانەکەی) دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سوودەکانی بۆ داهاتوویان، زیاتر (ئەوان) ئامادە دەبن ناوی خۆیان تۆمار بکەن

بەشداربوویەکی گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کارمەندانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا

وە

> زۆربەی ئەو خەڵکە تەنها لە کاتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵیاندا گوێیان لە بیمە بوو

بەشداربوویەکی گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

لە بزنسە فەرمییەکاندا، خاوەنکاران هەندێك جار هەوڵدەدەن کرێکارەکانیان لە پشکنەرەکان دوور بخەنەوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی نەبوونی ڕوومالْکردن تەنانەت لە کۆمپانیا فەرمیەکانیشدا باو بووە. بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی4- لە هەرێمی کوردستان گوتی

> من پێشتر پشکنەر بووم، لەبیرمە کرێکاران خۆیان لێم بەدوور دەگرت. کاتێك لێم پرسین بۆچی، گوتیان: "بۆچی ناوم تۆمار بکەم لەکاتێکدا زۆر زەحمەتە پارەکەم وەربگرمەوە؟" هەڵە تێگەیشتنێکی گەورە هەیە و دەنگۆی دژ بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پشکنەرانی هەیە

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی4-، کاروباری یاسایی - بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر

ئەم نەبوونی هۆشیارییە جەخت لەسەر پێویستی زیاتر بڵاوکردنەوەی زانیاری دەکات بۆ باشترکردنی تێگەیشتن و پەسندکردنی بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەم بارەیەوە چاوپێکەوتنێکی نافەرمی سەرەکی لە بەغداد گوتی

> ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێك هەیە لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و ڕۆشنبیری لە نێو کرێکاراندا

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی6-، ڕاوێژکاری یاسایی - وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغداد

خواستی جیاواز لەسەر بنەمای مەترسییەکانی پیشە. خواستی کرێکاران بۆ ناو تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سەرجەم کەرتەکاندا زۆر جیاوازە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژێر کاریگەری ئەو مەترسییە هەستپێکراوانەیە کە پەیوەستن بە کارەکانیانەوە. کرێکارانی بەرهەمهێنان کە زۆرجار ڕووبەڕووی مەترسی زۆری بەرکەوتنی پەیوەست بە کار و کاری مەترسیدار دەبنەوە، کراوەیی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بیرۆکەی تۆمارکردن، بە تایبەتی بۆ بەدەستهێنانی دەستگەیشتن بە بیمەی تەندروستی، سوودی بەرکەوتنی پیشەیی و دەرماڵەی کەمئەندامی پەیوەست بە کار

> کرێکار(ان) هەتا زیاتر لەژێر مەترسی بەرکەوتندا بن، زیاتر ئامادە دەبن ناوی خۆی تۆمار بکات

بەشداربوویەکی گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کارمەندانی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

ئەزموونە کەسییەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکانی شوێنی کار کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر تێڕوانینی کرێکاران هەیە سەبارەت بە پێویستی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە کرێکارێك کە تووشی ڕووداوێك ببوو گوتی؛

> توشی ڕووداوێك بووم کە بووە هۆی ئەوەی پەنجەیەکم ببڕێتەوە، خاوەنی پڕۆژەکەش وەك هاوڕێیەك تێچووی چارەسەری لە ئەستۆ گرت، هەر ئەو ڕۆژە نەشتەرگەرییەکی بەپەلەم بۆ ئەنجام درا

بەشداربووی گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

ئەم جۆرە ئەزموونانە جەخت لەسەر بایەخی هەبوونی پاراستنی فەرمی دەکەنەوە، بەو پێیەی زۆربەی کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان کرێکاری بە مووچەن و وا بڕیارە لە پلانی ئاسایی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا جێگیر بکرێن کە پاراستن لە دژی بەرکەوتنی کار و پاراستنی تەندروستی مسۆگەر دەکات

لە کاتێکدا بیمەی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن خودی کرێکارەکانەوە دابین دەکرێت، بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە کە خاوەنکاران بەشداری دەکەن، بە تایبەت لە حاڵەتە سەختەکاندا. بەڵام ئەم پشتگیرییە زۆرجار نافەرمییە و پابەندبوونی یاسایی نییە، ئەمەش تیشك دەخاتە سەر بوارێك بۆ بەفەرمیکردنی ئەگەری لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی4-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد)

لەڕاستیدا، سروشتی مەترسیداری کارکردن لە بواری بەرهەمهێناندا وا دەکات کە کرێکاران بۆ یارمەتییە تایبەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە پەرۆش بن، وەك قەرەبووکردنەوەی بەرکەوتنی پیشەیی یان دەرماڵەی کەمئەندامی کار، لەگەڵ سەلامەتی پیشە و پاراستنی تەندروستی لە شوێنی کاردا. زۆربەی کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا کرێکاری بە مووچە/کارمەندن، وەك پێشتر لەم ڕاپۆرتەدا باسکرا. بەم شێوەیە لە حاڵەتی عێراقی فیدراڵدا، پێویستە مافی تۆمارکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەبێت بەپێی ئەو پلانە ئاساییەی کە پاراستن لە بەرکەوتنی پیشەیی و تێکچوونی تەندروستی پەیوەست بە کار دابین دەکات، و هەربۆیە بەم جۆرە بەفەرمی بکرێن. هەمان شت بۆ هەرێمی کوردستانیش گونجاوە، بە مەرجێك پڕۆژە یاسای نوێی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران پەسەند بکرێت. بەڵام تەنانەت بەپێی هەمواری ژمارە 4 ی یاسای ئێستای ساڵی 1971 کە لە هەرێمی کوردستاندا چالاکە، کرێکارانی بە مووچە لە بواری بەرهەمهێناندا دەبێ مافی هەندێك پاراستنی تەندروستیشیان هەبێت، بە مەرجێك کە بەپێی پێویست لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە تۆمار کرابن

بەپێی یاسای ژمارە 18 لە عێراقی فیدراڵدا، هیچ پاراستنێك لە بەرکەوتنی پەیوەندیدار بە کار و بارودۆخی کارکردنی مەترسیدار بۆ کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان نییە، مەگەر کرێکارێك خۆی 2% ی زیادە لە بەشدارییەکانی بۆ لقی چاودێری تەندروستی بدات. لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر یاسایەکی نوێ پەسەند بکرێت، کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان لە کەرتی بەرهەمهێناندا لە سایەی پلانە ئارەزوومەندانەکەدا ڕووماڵ لە دژی مەترسییە پیشەیی و تەندروستییەکان بەدەست دەهێنن. لە لایەکەوە ڕەنگە ئەمە وەك فراوانکردنی ئەرێنی سوودی زیاتر بۆ کرێکارانی نافەرمی و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان سەیر بکرێت. لە لایەکی ترەوە، لە دۆخی کرێکارانی بەرهەمهێناندا بە تایبەتی کە زۆربەیان کرێکاری بە مووچەن و لەو شوێنانەی کە دەتوانرێت پەیوەندییەکانی کار بسەلمێنرێت، پێویستە وریایی پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەی زیادەڕۆیی لە پلانی ئارەزوومەندانە لە هەر دوو عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا نەکرێت نەوەکا بەم شێوەیە مافی خۆیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا سنووردار بکەن و بەفەرمیکردنی پێشکەوتوویان تێکبدەن

کارمەندانی خاوەنکاری خۆیان و کارمەندانی بە مووچە دان بەوەدا دەنێن کە پێویستە دەستەبەری کۆمەڵایەتی فراوان بکرێت بۆ ئەوەی لە تەمەنی بەساڵاچووندا بیانپارێزێت، بەتایبەتی کە لە کارە جەستەییە سەختەکان دووردەکەونەوە

بە دڵنیاییەوە دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێویستی بە فراوانکردن هەیە. ئێمە پێویستمان بە پاراستن هەیە کاتێك دەچینە ناو تەمەنەوە

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی4-، کارمەندی بە مووچە لە کەرتی بەرهەمهێنان، بەغداد

خاوەنکارانی کەرتی بەرهەمهێنانی نافەرمی هەروەها بایەخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەزانن، بە تایبەتی تیشك دەخەنە سەر ئەگەری کەمکردنەوەی نایەکسانی و پێشخستنی گشتگیری کۆمەڵایەتی. ئەوان دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەك ئامرازێك دەبینن بۆ سەقامگیری ئابووری و گەشەی دادپەروەرانە، بەتایبەتی لە کەرتەکانی وەك کشتوکاڵ و بەرهەمهێناندا سوودبەخشە، کە بەرەوڕووی زەبری دەرەکی دەبنەوە (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، خاوەنکار لە کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر)

لە لایەکەوە، پلانی ئارەزومەندانە وا دەکات بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بۆ کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان /نافەرمی زۆر ئاسانتر و دادپەروەرانەتر بێت. پێشبینی دەکرێت بەشداریکردنی حکومەت بە ڕێژەی لە سەدا 12 بارگرانی دارایی لەسەر تاکەکان کەم بکاتەوە و هاندەری بەشداریکردنی فراوانتر بێت لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی4-، کاروباری یاسایی - بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر). لە لایەکی دیکەوە، دەبێت وریایی لە پێشخستنی پلانێکی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ناو کرێکارانی بەرهەمهێناندا بەکاربهێنرێت، کە بە پلەی یەکەم کرێکاری بە مووچەی ئاسایین و بەم جۆرە، لە بنەڕەتدا، مافی ناو تۆمارکردنیان لە پلانی زۆرەملێدا هەیە. ئەمەش بۆ دوور کەوتنەوەیە لەوەی هانی نافەرمیبوون بدرێت یان خاوەنکاران خۆیان لە پابەندبوون بدزنەوە

بایەخی خانەنشینی بە بەراورد لەگەڵ وەرگرتنی یەك گوژمەی یەکجارەکی. زۆر گرنگە بە ڕای گشتی ڕابگەیەنرێت کە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی بە شێوەیەکی گشتی سوودبەخشترە لە داواکردنەوەی بڕی هەموو بەشدارییەکان لە کۆتایی ڕاژەکەیاندا. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە جەختیان لەسەر بایەخی بەکارهێنانی میدیا و هەڵمەتەکانی هۆشیاری کردەوە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە و تیشکیان خستە سەر پێویستی هۆشیارکردنەوەی بەردەوام سەبارەت بە سوودەکانی خانەنشینی. تێڕوانینێکی هەڵەی بەربڵاو لەناو کرێکاراندا هەیە کە ئەو پارەیەی کە بەشدارییان پێ کردووە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا ، تا خانەنشینی دەستناکەوێت و تەنیا وەك مووچەی خانەنشینی بەردەستە. ئەم هەڵە تێگەیشتنانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە ستراتیژییەکی کاریگەری هۆشیارکردنەوە هەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی سوودەکان و دەستگەیشتن بە پارەکانی خانەنشینی. نموونەیەك بریتییە لە بێوەژنێك کە سەرەتا هاتبوو داوای بەشدارییەکانی هاوسەرە کۆچکردووەکەی بکات کە کۆی گشتی 75,000,000 دینار بوو. لە کاتی ئاگادارکردنەوەی لە بژاردەی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی مانگانە بە بڕی 2,100,000 دینار، مووچەی خانەنشینی هەڵبژارد. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی4-، کاروباری یاسایی - بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەولێر). ئەم کەیسە ئەوە نیشان دەدات کە هۆشیاری زیاتر پێویستە سەبارەت بە سوودە درێژخایەنەکانی هەڵبژاردنی مووچەی خانەنشینی، کە دەتوانێت پشتگیری دارایی بەردەوام بە تێپەڕبوونی کات پێشکەش بکات

# 6

## ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران لە هۆشیارکردنەوە و تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراقدا

# ◄ ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران لە هۆشیارکردنەوە و تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراقدا

بە پشتبەستن بە تێبینی و سەرنجی کرێکاران و خاوەنکارەکان لە کەرتی بەرهەمهێناندا، پێدەچێت کە کاریگەری سەندیکاکان لە هۆشیارکردنەوە و ئاسانکردنی ناو نووسین و تۆمارکردن لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا سنووردار بێت.

داتاکان ئاشکرای دەکەن کە کەلێنێکی بەرچاو هەیە لە ئەندامێتی سەندیکاکان لە ناو کرێکارانی بەرهەمهێناندا لە سەرتاسەری عێراقدا، بە کردەوە هیچ کام لەو کرێکارانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئەندامی هیچ سەندیکایەکی کرێکاری نەبوون. ئەم نەبوونی سەندیکاگەراییە، ئەو ڕۆڵە چاوەڕوانکراوەی کە سەندیکاکان هەق وایە لەم ناوچانەدا بیگێڕن، بە تایبەتی لە ڕووی داکۆکیکردن لە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی کرێکارانەوە، بە توندی سنووردار دەکات

تەنانەت لە ناو ئەو ژمارە زۆر کەمەی کرێکاران کە لە سەندیکاکان تۆمارکراون، نارەزایییان ڕاگەیاندوە سەبارەت بە کاریگەری سەندیکاکان لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانیان لەبەردەم خاوەنکاران یان کۆمپانیاکاندا. ئەم بۆچوونە کاریگەرییە ئەگەرییەکانی سەندیکاکان لە دانوستاندن یان لۆبیکردن بۆ ڕووماڵکردنی باشتر یان پابەندبوون بە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەبار دەبات. بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە سەندیکایەکی کرێکاری ڕایگەیاند کە

---

◥◥ بەپێی ڕێنماییەکانی ئێستا، پێویستە ئەندامێتی لە سەندیکادا ئارەزوومەندانە بێت بۆ کرێکاران

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی2-، سەندیکاکانی بازرگانی و پیشەسازی، هەولێر

لە چوارچێوەی مافی کرێکاران و سیاسەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، گرنگە دیدگای هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سەندیکاکانیشەوە لەبەرچاو بگیرێت. نیگەرانییەکی بەرچاو لەلایەن یەکێك لەو گروپانەوە وروژێندرا، کە گلەیی ئەوەی کرد کە: (1) (پشکنەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) هەوڵیان داوە سەردانی شوێنی کارەکانیان بکەن بەبێ بەشداری و ئامادەبوونی سەندیکای کرێکاران. (2) (پشکنەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) بە بەردەوامی سەرکردایەتی لیژنەکانی پشکنینیان دەکرد و ئەم ڕۆڵە هەرگیز بە نوێنەرانی سەندیکاکان نەدراوە

---

◥◥ سەندیکای کرێکاران لەلایەن پشکنەرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پشتگوێ خراوە و فەرامۆش کراوە

ئێمــە هانــی کرێکارانمــان داوە ســەردانی نوسینگــەی ســەندیکاکانمان بکــەن بۆ وەرگرتنــی ڕاهێنــان لەســەر مافەکانیــان. بــەڵام ئامــادە نــابن

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، شارەزا لە بواری سەندیکای کرێکاران بە ئەزموونی 25 ساڵ، دهۆك

ئـەم ئامادەنەبوونـە لەوانەیـە بۆ نەبوونـی متمانـە بـە سیستەمەکـە بگەڕێتـەوە، کـە زۆربەیـان وای دەبینن کـە ئەمـە لـە قسـە زیـاتر نییـە

لــە ڕوانگــەی خاوەنکارانــی هــەولێر و دهۆکــەوە، هەروەهــا هیــچ دەستپێشخەرییــەك لەلایــەن ڕێکخراوەکانــی خاوەنکارانــەوە نییــە بۆ هاندانــی پابــەندبوون بــە یاســای دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ســاڵی 1971 کــە ئێستــا چالاکــە. خــاوەنکاران هیــچ بەریەککەوتنێکیــان لەگــەڵ بەرنامــەکان ڕانەگەیــاندووە. لــە جیاتــی ئــەوە، هــەندێك لــە خــاوەنکارەکان پێشنیــاری بیمــەی تەندروستــی تایبەتیــان پێگــەیشتووە، کــە هەرچــەندە سوودبەخشــە بــەڵام جێــگرەوەی ڕووماڵــی گشتــگیری دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی نییــە

لــە هەرێمــی کوردستــاندا، بــە تایبەتــی، پێدەچێت هیــچ هەوڵێکــی بەرچــاو لەلایــەن نــە ڕێکخراوەکانــی خــاوەنکاران یــان ســەندیکاکانی کرێکارانــەوە نــەبێت بۆ ناســاندن یــان پێشخستنــی سیاســەتەکانی پــەیوەست بــە یاســای دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی. نەبوونــی بــەشداری چالاکانــە لەلایــەن ئــەم ڕێکخراوانــەوە لەوانەیــە هۆکارێکــی گرنــگ بێت بۆ نزمــی ئاستــی هۆشیــاری و نــاو تۆمــارکردن لــە بەرنامەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــە نــاو کرێکارانــی هەرێمەکــەدا

دۆخــی ئێستــای ئەندامێتــی لــە ســەندیکاکان لــە عێراقــی فیدراڵ و هەرێمــی کوردستــان و چالاکییەکانیــان بۆشــاییەکی گرنــگ دەردەخــات لــە نوێنەرایەتیکردنــی کرێکاران و داکۆکیکردن لێیــان، بەتایبەتــی لــە بواری دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا

پێشنیــارێك لــە عێراقــی فیدراڵدا هەیــە بۆ پێکهێنانــی ســەندیکایەکی تایبــەت بــە کرێکارانــی کەرتــی نافەرمــی کــە چوارچێوەی پلانــی ئارەزوومەندانــەی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی دەیانگرێتــەوە. ئەمــەش تەنهــا دوای دەستپێکردنــی تۆمارکردنــی کەرتــی نافەرمــی دادەمــەزرێت. (چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی1-، بەشــی ســەرچاوە مرۆییــەکان، وەزارەتــی کار و کاروبــاری کۆمەڵایەتــی، بــەغداد)

# 7

## بژاردەی کرداری بۆ فراوانکردنی ڕوومالّی کرێکارانی بەرهەمهێنان

## ◀ بژاردەی کرداری بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی کرێکارانی بەرهەمهێنان

گرنگە دڵنیابین لەوەی کە کرێکارانی بەرهەمهێنان لە ژێر پلانی زۆرەملێدا لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا ناویان تۆمار بکرێت. بڕەودان بە ناو تۆمارکردنیان لە ڕێگەی بژاردەی ئارەزوومەندانەوە هانی خاوەنکارە فەرمی و نافەرمیەکان دەدات کە پابەند نەبن بە ئەرکە یاساییەکانیان و هاندەرێك دەبێت بۆ نافەرمیبوونی زیاتر: بە سەرنجدان بەوەی کە پشکێکی گەورەتر لە کرێکارانی نافەرمی لە کەرتی بەرهەمهێناندا کرێکاری بە مووچە/کارمەندن و دەتوانرێت پەیوەندی کارەکانیان بسەلمێنرێت، زۆر گرنگە جەخت لەسەر مافی کردەییان بکرێتەوە بۆ ناو تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بەپێی پلانی ئاسایی، لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کرێکارانی بە مووچە لەبەر دۆخی نافەرمییان ناچاری پلانێکی ئارەزوومەندانە نەکرێن، خاوەنکاران لە نزیکەوە پابەندبن بە یاساکە، هەروەها سیستەمەکە خراپ بەکارنەهێنرێت بۆ هاندانی نافەرمیبوونی زیاتر و بە تێپەڕبوونی کات جێگیر بمێنێتەوە

**پێویستە بیمەی تەندروستی و بەرکەوتنی کار خاڵی لە پێشینەبێت:** خواستی کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان، لەوانەش کارمەندانی خاوەنکاری خۆیان و کارمەندانی بە مووچە، بۆ ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەستە بە سروشتی مەترسیداری کارەکانیانەوە. لە بنەڕەتدا، کرێکار تا مەترسی بەرکەوتنی زیاتر بێت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە هەست بە بەهای تۆمارکردن بکەن

**سیستەمی تۆمارکردنی ئۆنلاین:** جێبەجێکردنی سیستەمی تۆمارکردنی ئۆنلاین کات و تێچووی دارایی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە بۆ خاوەنکاران و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان/نافەرمی لە کەرتی بەرهەمهێناندا، کە لە ئێستادا ڕەنگە تووشی زیانێکی دارایی ببن بەهۆی ئەو کاتەی بە مەبەستی تۆمارکردن لەکار دوور دەکەونەوە. سیستەمی ئۆنلاین هەروەها بێمتمانەیی گشتی بە سیستەمەکە کەم دەکاتەوە بە دابینکردنی پلاتفۆرمێکی شەفاف و ئاسان کە دڵنیایی دەدات لەوەی خاوەنکاران و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان، و هەموو کرێکاران، دەتوانن بە ئاسانی خۆیان تۆمار بکەن و چاودێری بەشداری و سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بکەن

سەنتەری ناوخۆیی تۆمارکردن: دامەزراندنی لقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکاندا، وەك نوسینگەی دادنوس یان شارەوانییەکان، وا دەکات دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تۆمارکردن بۆ کرێکاران و خاوەن بزنسە بچووکەکان لە سەرجەم قەزا و ناحیەکاندا ئاسانتر بێت. ئەم نامەرکەزییەتە پێداویستییەکانی کرێکاران دابین دەکات و هاندەری ناو تۆمارکردنی زیاتر دەبێت. لەو حاڵەتانەی کە کرێکاران لە شوێنی کارکردنی دیاریکراودا چڕبوونەتەوە، دەکرێت یەکەکانی تۆمارکردنی گەڕۆک کە پشکنەرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەگەڵیاندا بێت، بخرێنە گەڕ. هەروەها درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی فەرمانگەکانی تۆمارکردن لە ڕۆژانی دیاریکراودا، یان بە لەبەرچاوگرتنی کاتی کارکردنی درێژخایەن و نۆرەی کاری ناڕێکی کرێکارانی بەرهەمهێنان، کاتی دەوامی فەرمانگەی تۆمارکردن زیاد بکرێت

**ڕێکخستنی پرۆسەی کارگێڕی:** پێویستە ئەنجومەنە خۆجێییەکان پرۆسەکانی تۆمارکردن بەڕێوەببەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەکان بەپێی پێداویستییە تایبەتەکان و چوارچێوەی هێزی کاری ناوخۆیی گونجاون. ئاسانکردنی ئەم پرۆسانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر تێڕوانینی خراپ سەبارەت بە ڕۆتینی نوسراو و بیرۆکراسی فەرمانگەکانی حکومەت کە لە ئێستادا کۆسپ دەخەنە بەردەم بەشداریکردن لە بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئاسانکردن لە بنەڕەتدا پێویستی بە ئاستێکی دیاریکراوی ئۆتۆماتیککردن و دیجیتاڵکردن هەیە

تواناسازی چڕ و فراوانکردنی تیمی پشکنین لە کاتی جێبەجێکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا پێویستە. داتاکانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی ئاماژە بە ئاڵنگارییەکی بەرچاو دەکەن بەهۆی سنوورداربوونی ڕووماڵکردن لەلایەن تیمەکانی پشکنینی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە کارکردنی کرێکاران تا پاشنیوەڕۆ و/یان ئێواران درێژە دەکێشێت. لە ئێستادا پشکنەرەکان خاوەنی کارامەیی سنووردارن سەبارەت بە ڕۆڵەکانیان. پێویستە حکومەت بیر لە دابەشکردنی پشکنەرەکان بکاتەوە بەپێی ئەو بوارانەی کە

بۆیان دیاریکراون: (1) پشکنەرانی تەندروستی و سەلامەتی؛ (2) پشکنەرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی؛ و (3) پشکنەرانی کار

ئەم سێ جۆرە پشکنینە پێویستە بە جیا لە یەکتر ئەنجام بدرێن. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، شارەزا لە بواری سەندیکای کرێکاران بە ئەزموونی 25 ساڵ، دهۆك). بۆ نموونە، بزنسەکانی وەك قاوەخانەی ئێواران و ئەو کۆمپانیایانەی کە کرێکاری گەیاندنیان زۆرە، لەو کاتانەدا کاردەکەن کە تیمی پشکنین بەردەست نین. لە ئێستادا توانای تیمەکە لە هەرێمی کوردستاندا بەشی ئەوە ناکات تەنانەت یەك کەرتیش بگرێتەوە، چ جای کەرت و بزنسی تر. پێدەچێت ئەم پرسە بەهۆی پلانی فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خراپتر بێت. بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی گوتی

تەنانەت سەبارەت بە پلانی کارپێکراوی ئێستاش، کەموکورتی لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەو پێیەی لە زۆرینەی پشکنینەکان گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنکارەکان دەکرێت نەك پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کرێکاران بگیرێت

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی2-، سەندیکاکانی بازرگانی و پیشەسازی، هەولێر

هەمان نیگەرانی لە عێراقی فیدراڵدا لەلایەن زۆر لەو کەسانەوە ڕاگەیەندرا کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە.

**ڕاهێنانی فەرمانبەرانی حکومەت:** باشترکردنی لێهاتوویی و ڕاهێنانی فەرمانبەرانی حکومەت لە بوارەکانی وەك کارگێڕی و بەڕێوەبردنی سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، شەفافیەت، دەستپاکی، ڕێکارەکانی دژە گەندەڵی و هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەبێتە هۆی ئەوەی پڕۆسەی تۆمارکردن و بەشداریکردنی گشتی لە سیستەمەکەدا دادپەروەرانەتر بێت و بەکارهێنانی ئاسان بێت. ئەمەش هانی بەشداریکردنی کەرتی نافەرمی دەدات و یارمەتیدەر دەبێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی متمانە لەنێوان کرێکاران و دامودەزگاکانی حکومەتدا

**دەستپێشخەرییەکانی خاوەنکار لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری:** خاوەنکاران دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پشتگیریکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەناو کارمەندەکانیاندا. ستراتیژییەکانی وەك ڕێکخستنی خولی زانیاری، وۆرکشۆپ بۆ خاوەنکاران و هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت بۆ پەرەپێدانی هەڵمەتی پەروەردەیی، خاوەنکارەکان بەرچاوڕوون دەکات لە سوودەکانی ناو تۆمارکردنی کرێکارەکانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، وە کرێکارانیش لە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاگادار دەکەنەوە، بەمەش ئاستی بەشداریکردن بەرز دەبێتەوە

**تیشك خستنە سەر چیرۆکی سەرکەوتن:** پێویستە حکومەت و خاوەنکاران هاوکاری یەکتر بکەن بۆ دەستنیشانکردن و پێشخستنی چیرۆکی سەرکەوتنی ئەو خاوەنکارانەی کە کرێکارەکانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمارکردووە و ئەو کرێکارانەش کە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی سوودمەند بوون. ئەم چیرۆکانە دەتوانن وەك ئامرازێکی بەهێز متمانە دروست بکەن و سوودە بەرجەستەکانی بەشداریکردن لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا نیشان بدەن

**ستراتیژییە گشتگیرەکانی بەشداریکردنی جەماوەر:** بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری جەماوەر و بەشداریکردن

لە دەستپێشخەرییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێویستی بە ڕێوشوێنی چالاکانە هەیە. ئەمەش لەوانەیە بریتی بێت لەوەی تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاوێتەی پرۆسەکانی دامەزراندنی بزنس بکرێت، چاودێری خاوەنکاران بکرێت بۆ پابەندبوونیان بە ئەرکە یاساییەکانیان لە تۆمارکردنی کرێکاران و دابینکردنی هاندان بۆ تۆمارکردنیان لە شێوەی باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە قەرز یان خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی بازرگانی، و هەڵمەتی بەرفراوانی هۆشیاری گشتی ئەنجام بدرێت. ئەم جۆرە ستراتیژیانە دەبێ بە خولی ڕاهێنانی کرداری بۆ خاوەنکار و کرێکاران پشتگیری بکرێن سەبارەت بە سوودەکان و پرۆسەکانی پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی

گفتوگۆی کۆمەڵایەتی سێ قۆڵی و هاوکاری بەهێزتر لە نێوان بەڕێوەبەرایەتەیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەندیکاکانی کرێکاری و ڕێکخراوەکانی خاوەنکار کلیلی پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەن کە بڕەو بە پابەندبوون بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەدەن و داهاتوویەکی پارێزراوتر بۆ کرێکاران لە سەرجەم کەرتەکاندا دابین دەکەن

# 8

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

CSO (Central Statistical Organization), KRSO (Kurdistan Region Statistics Office) and ILO. 2022. Iraq Labour Force Survey 2021.

ILO. 2021. A Diagnostic of the Informal Economy in Iraq. ILO Regional Office for Arab States.

———. 2023a. Iraq National Strategy to Prevent and Reduce Inequalities in the World of Work (2024-2028).

———. 2023b. Productivity Growth, Diversification, and Structural Change in the Arab States: Iraq Country Profile.

———. 2023c. Resolution I: Resolution concerning statistics on the informal economy. 21st International Conference of Labour Statisticians, ICLS/21/2023/RES. I.

ISSA. 2024. International Update: Recent Developments in Foreign Public and Private Pensions.

The Official Gazette of Iraq. 2023. The Law of Pension and Social Security for Workers No. 18 of the Year 2023 (4734). Ministry of Justice.

UNESCO. 2019. Manufacturing (Assessment of the Labour Market & Skills Analysis: Iraq and Kurdistan Region-Iraq).

World Bank. 2016. Doing Business 2017: Equal Opportunity for All.

———. 2018a. Doing Business 2018: Reforming to Create Jobs.

———. 2018b. Jobs in Iraq: A Primer on Job Creation in the Short Term.

———. 2020. Doing Business 2020: Economy Profile Iraq.

# پاشکۆی یەکەم

## خشتەی 1. کۆی قەبارەی کەرتی بەرهەمهێنان لە عێراق بۆ ساڵی 2021

| | کۆی ژمارەی فەرمانبەران | | | ژمارەی فەرمانبەران لە کەرتی تایبەت | | | پێکهاتەی کەرتی تایبەت | | | لەسەدا لە کەرتی تایبەتەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | هەرێمی کوردستان | عێراقی فیدراڵی | کۆی گشتی | هەرێمی کوردستان | عێراقی فیدراڵی | کۆی گشتی | هەرێمی کوردستان | عێراقی فیدراڵی | کۆی گشتی | هەرێمی کوردستان | عێراقی فیدراڵی |
| کۆی گشتی | 8 601 078 | 1 427 838 | 7 173 240 | 5 301 931 | 865 488 | 4 436 443 | 100 | 100 | 100 | 62 | 61 | 62 |
| کەرتی بەرهەمهێنان | 533 223 | 112 247 | 420 977 | 441 510 | 104 697 | 336 813 | 8 | 12 | 8 | 83 | 93 | 80 |
| پیشەسازییەکانی تر | 8 067 855 | 1 315 592 | 6 752 263 | 4 860 421 | 760 791 | 4 099 630 | 92 | 88 | 92 | 60 | 58 | 61 |

## خشتەی 2. پێکهاتەی کەرتی بەرهەمهێنان، کەرتی تایبەت، بەپێی دۆخی کارکردن، بۆ ساڵی 2021

| | ژمارەکان | | | لەسەدا% | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | عێراقی فیدراڵی | هەرێمی کوردستان | کۆی گشتی | عێراقی فیدراڵی | هەرێمی کوردستان |
| کارمەندان | 233 230 | 176 982 | 56 247 | 53 | 53 | 54 |
| خاوەنکارەکان | 28 534 | 25 000 | 3 534 | 6 | 7 | 3 |
| خۆبەخشەکان | 139 981 | 97 230 | 42 751 | 32 | 29 | 41 |
| ئەندامانی خێزانی کارکەر بەبێ مووچە | 39 766 | 37 601 | 2 164 | 9 | 11 | 2 |


## الجدول 3. توزيع العاملين لحسابهم الخاص في التصنيع، في القطاع الخاص بحسب المهنة (على مستوى الرقمين) بالاستناد إلى مسح القوى العاملة للعام 2021

| بەپێی پیشە (ژمارەی دوو ژمارەیی) | ژمارەکان | لەسەدا% |
|---|---|---|
| **عێراقی فیدراڵی** | | |
| کانزاکاران، بەڕێوەبەرانی ئامێرەکان و پیشە پەیوەندیدارەکان | 25 240 | 26 |
| پرۆسێسکردنی خۆراک، دارتاشی، دروستکردنی جلوبەرگ، و پیشەکانی تری پەیوەندیدار | 24 348 | 25 |
| پیشەییەکانی دارستان و ماسیگرتن و ڕاوکردنی بازار | 20 224 | 21 |
| پیشەگەرەکانی فرۆشتن | 12 513 | 13 |
| پیشەکانی تر | 14 905 | 15 |
| کۆی گشتی | **97 230** | **100** |
| **هەرێمی کوردستان** | | |
| کرێکارانی پرۆسێسی خۆراک و دارتاشی و دروستکردنی جلوبەرگ و پیشە پەیوەندیدارەکانی تر | 29 727 | 70 |
| کرێکارانی فرۆشتن | 4 848 | 11 |
| کانزاکاران، بەڕێوەبەری ئامێرەکان و پیشە پەیوەندیدارەکان | 2 113 | 5 |
| پیشەکانی تر | 6 063 | 14 |
| کۆ | **42 751** | **100** |

## ◀ خشتەی 4. دابەشکردنی کرێکارانی خۆبەخش لە بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت بەپێی پیشەسازی (ئاستی دوو ژمارەیی) بە پشتبەستن بە ڕاپرسی هێزی کار لە ساڵی 2021

| ژنان (بە ڕێژەی لەسەدا) | ژنان (بە ڕێژەی لەسەدا) | ژنان (بە ڕێژەی لەسەدا) | ژنان (بە ڕێژەی لەسەدا) | ژنان (بە ڕێژەی لەسەدا) | ژنان (بە ڕێژەی لەسەدا) | کۆی گشتی (بە ڕێژەی لەسەدا) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **عێراق فیدراڵی** | | | | | | |
| بەرهەمی کانزای دروستکراو، بەبێ ئامێر و ئامێرەکان | 22 733 | - | 22 733 | 27 | 0 | 23 |
| پیشەسازی کۆک و بەرهەمە نەوتییە پاڵاوتەکان | 20 224 | - | 20 224 | 24 | 0 | 21 |
| پیشەسازی جل و بەرگی ئامادەکراو | 3 657 | 12 455 | 16 112 | 4 | 87 | 17 |
| پیشەسازی مۆبیلیات | 13 053 | - | 13 053 | 16 | 0 | 13 |
| چاککردنەوە و دانانی مەکینە و ئامێرەکان | 11 430 | - | 11 430 | 14 | 0 | 12 |
| ئامادەکاری بۆ تورکەکان | 11 883 | 1 795 | 13 678 | 15 | 13 | 14 |
| کۆ | **82 980** | **14 250** | **97 230** | **100** | **100** | **100** |
| **هەرێمی کوردستان** | | | | | | |
| پیشەسازی جل و بەرگی ئامادەکراو | 1 979 | 24 955 | 26 934 | 11 | 98 | 63 |
| پیشەسازی بەرهەمە خۆراکیەکان | 5 684 | - | 5 684 | 33 | 0 | 13 |
| بەرهەمی کانزای دروستکراو، بەبێ ئامێر و ئامێرەکان | 2 104 | - | 2 104 | 12 | 0 | 5 |
| پیشەسازی ئامێرە کارەباییەکان | 1 722 | - | 1 722 | 10 | 0 | 4 |
| پیشەسازی دار و دار و بەرهەمەکانی کورک | 1 413 | - | 1 413 | 8 | 0 | 3 |
| پیشەسازی کەرەستەی پەڕۆ و بڕین | 4 499 | 395 | 4 894 | 26 | 2 | 12 |
| کۆ | **17 401** | **25 350** | **42 751** | **100** | **100** | **100** |

◀ **وێنــە 1. ڕێـژەی ســەدی کرێکارانــی بەرهەمهێنــان کــە لــە دامــەزراوە ناڕێکخراوەکانــی کەرتــی تایبەتــدا دامــەزراون، بەپێــی دۆخــی کارکــردن**




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران، بە پشتبەستن بە ڕاپرسی هێزی کاری عێراقی ساڵی 2012

### ◄ خشتەی 5: تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی چاوپێکەوتنەکان لە کەرتی بەرهەمهێنان

| جۆر | شوێن | ڕەگەز | تەمەن (بە ساڵ) | خوێندن | ماوە | کۆد/مەیدانی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| KII-1, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | 65 خولەک | KII-1 بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغدا |
| KII-2, FI | بەغداد | مێینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | 27 خولەک | KII-2 بەشی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغدا |
| KII-3, FI | بەسرە | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | 38 خولەک | KII-3 دەستەبەری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی، بەغدا |
| KII-4, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | دکتۆرا | هیچ تۆمارێک نییە | ڕاوێژکاری KII-4، فیدراسیۆنی گشتی سەندیکاکان |
| KII-5, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | 36 خولەک | KII-5 ڕاوێژکاری یاسایی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغدا |
| KII-6, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | هیچ تۆمارێک نییە | KII-6 لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی نوێنەران، بەغدا |
| KII-7, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | 32 خولەک | KII-7 بەشی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەغدا |
| KII-8, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | هیچ تۆمارێک نییە | KII-8 فیدراسیۆنی سەندیکاکانی عێراق، بەغدا |
| KII-9, FI | بەغداد | نێرینە | دیاری نەکراوە | بەکالۆریۆس | 32 خولەک | بەشی پشکنینی KII-9، بەشی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەغدا |
| KII-1, KRI | دهۆک | نێرینە | دیاری نەکراوە | 60 | 45 خولەک | KII-1 پسپۆڕی سەندیکاکان [ئەزموونی 25 ساڵ]، دهۆک. |
| KII-2, KRI | هەولێر | نێرینە | دیاری نەکراوە | 61 | 74 خولەک | KII-2 فیدراسیۆنی گشتی کرێکاران و پیشەوانان، سەندیکاکانی پیشەیی و بازرگانی، هەولێر. |

| جۆر | شوێن | ڕەگەز | تەمەن (بە ساڵ) | خوێندن | ماوە | کۆد/مەیدانی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| KII-3, KRI | هەولێر | نێرینە | 37 | بەکالۆریۆس | 30 خولەک | KII-3 کاروباری یاسایی، بەشی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەولێر |
| KII-4, KRI | هەولێر | نێرینە | 34 | بەکالۆریۆس | 30 خولەک | KII-4 بەشی کار، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هەولێر |
| KII-5, KRI | هەولێر | نێرینە | 53 | بەکالۆریۆس | 25 خولەک | KII-5 وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هەولێر |
| KII-6, KRI | هەولێر | نێرینە | 51 | بەکالۆریۆس | 48 خولەک | KII-6 ڕاوێژکاری یاسایی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هەولێر |

| جۆر | شوێن | ڕەگەز | تەمەن (بە ساڵ) | خوێندن | ماوە | کۆد/مەیدانی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| KII-7, KRI | هەولێر | مێینە | 52 | دکتۆرا | 28 خولەک | KII-7، وەزارەتی پلاندانان، هەولێر |
| KII-8, KRI | هەولێر | نێرینە | 40 | بەکالۆریۆس | 20 خولەک | KII-8، سەرپەرشتیاری پشکنینی کار، وەزارەتی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەولێر |
| IDI-1, FI | لەتیفیە | نێرینە | 23 | هیچ دەستکەوتێکی پەروەردەیی نییە | 7 خولەک | IDI-1 کرێکاری خۆبەخش، کەرستەی داری دەستی، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-2, FI | سەعیدیە | مێینە | 24 | خوێندنی سەرەتایی | 15 خولەک | IDI-2 کرێکاری مووچە، نانەواخانە، بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-3, FI | دورا | نێرینە | 30 | بەکالۆریۆس | 28 خولەک | IDI-3 کرێکاری مووچە کە بەشداری لە خێزان دەکات، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-4, FI | دورا | نێرینە | 32 | ئامادەیی | هیچ تۆمارێک نییە | IDI-4 کرێکاری مووچە، تاقیگە، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-5 FI | مەحموودیە | نێرینە | 27 | ئامادەیی | هیچ تۆمارێک نییە | IDI-5 ئاسنگەری خۆبەخش، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-6, FI | بەسرە | نێرینە | غیر محدّد | دیاری نەکراوە | هیچ تۆمارێک نییە | IDI-6 کرێکاری خۆبەخش لە پیشەسازی خۆراک، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-7, FI | دورا | نێرینە | 22 | ئامادەیی | هیچ تۆمارێک نییە | IDI-7 کرێکاری مووچە، نانەواخانە، بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-8, FI | دورا | مێینە | 42 | ئامادەیی | 6 خولەک | IDI-8 کرێکاری خۆبەخش، کاری چەرمەسەری، بەرهەمهێنان، بەغدا |
| IDI-1, KRI | هەولێر | نێرینە | 45 | بڕوانامەی دبلۆم | 31 خولەک | IDI-1 کرێکاری خۆبەخش، نانەواخانە و شیرینی، کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| IDI-2, KRI | هەولێر | نێرینە | 50 | بڕوانامەی دبلۆم | 40 خولەک | IDI-2، بەرهەمی پاککەرەوە، کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر |
| IDI-3, KRI | هەولێر | مێینە | دیاری نەکراوە | بڕوانامەی دبلۆم | 17 خولەک | IDI-3، دیزاینی جلوبەرگ، کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر |
| IDI-4, KRI | هەولێر | مێینە | دیاری نەکراوە | دیاری نەکراوە | 35 خولەک | IDI-4، خۆبەخش، فرێدانی ئاردی و خۆراکی پەلەوەر، کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر |
| IDI-5, KRI | دهۆک | مێینە | 48 | دیاری نەکراوە | 35 خولەک | IDI-5، خۆبەخش، نانەواخانە، کەرتی بەرهەمهێنان، دهۆک |
| IDI-6, KRI | دهۆک | نێرینە | 42 | پەروەردەی بنەڕەتی | 16 خولەک | IDI-6، خۆبەخش، نانەواخانە، کەرتی بەرهەمهێنان، دهۆک |
| FGD-1, FI | بەغداد | 5 نێر | دیاری نەکراوە | پەروەردەی بنەڕەتی | 25 خولەک | FGD-1، خۆبەخش، نانەواخانە، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| FGD-2, FI | بەغداد | 6 نێر | دیاری نەکراوە | دیاری نەکراوە | 12 خولەک | FGD-2، خۆبەخش، نانەواخانە، کەرتی بەرهەمهێنان، بەغدا |
| FGD-1, KRI | هەولێر | 3 مێ | 38<br>18<br>37 | سەرەتایی،<br>سەرەتایی،<br>دیارینەکراوە | 30 خولەک | FGD-1، خۆبەخش، نانەواخانە، کەرتی بەرهەمهێنان، هەولێر |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە زانیارییە چۆنایەتییەکان کە لە کاری مەیدانیدا بەدەست هاتوون

نووسینگەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە عێراق
کەمپی نەتەوە یەکگرتووەکان
بەغدا، عێراق

ئیمەیڵ: iraq@ilo.org